


# دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی
# رێورەسمی رێزلێنان بۆ سەلاح پایانیانی سازدەکات

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژی ٢٨ی ئاداری ٢٠١٩ لە ژێر ناونیشانی: (بنزار و دیالێکتەکان کۆڵەگەی زمانن)، رێورەسمێکی رێزلێنانی بۆ سەلاح پایانیانی نووسەری (فەرهەنگی زارەکیی موکریان) رێکخست.

پرۆژەی فەرهەنگی زارەکیی موکریان، لە ٢٣ بەرگ پێکدێت، لە ئێستادا قۆناغی یەکەمی بە ئەنجام گەیشتووە و ١٢ بەرگی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

نووسەری (فەرهەنگی زارەکیی موکریان)، سوپاسی هاوکاری و بەدواداچوونەکانی بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەحموود محەمەد) و (خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) دەکات. ئەوەش دەخاتەڕوو کە پرۆژەکە، بەرهەمی ٢٣ ساڵ کاری بەردەوام بووە، تا تەواوبوونیشی چەند ساڵی دیکەی دەوێت.

ئەم بەرهەمە دەوڵەمەندە، ئەلفبێی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکی و کولتووری جلوبەرگ و کشتوکاڵ و خواردنی موکریان لەخۆ دەگرێت، کە نووسەر بە شێوەیەکی مەیدانی کاری لەسەر کردووە. بڕیاریشە، ١٠٠ سێت لەو بەشەی کە تەواو بووە، بە زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ناوەندە زانستییەکان و کتێبخانە گشتییەکان ببەخشرێت، بۆ ئەوەی وەك سەرچاوە سوودیان لێ وەربگیرێت.

گۆڤاری گوڵان وێڕای دەستخۆشی و بەرزنرخاندنی رێورەسمی رێزلێنانەکە پیرۆزبایی لە سەلاح پایانیانی نووسەری (فەرهەنگی زارەکیی موکریان) دەکات. هیواداریین نموونەیان زۆر بێت و کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییش بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.



# له روانگەیەکی قورئانەوە: بێ بوونی نیشتمان گەلیش بوونی نابێت

ئایەتەکانی قورئان زۆر مانای گشتی و تایبەت و مانای مێژوویی هەڵدەگرن، بەڵام بە وردبوونەوە لێیان زۆر مانای دیکەش دەردەکەون، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێ بکەین:

یەکەم: یەکێك لە ماناکانی ئایەتی:

**[ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ..]**

رەنگە ئەوە بێت کە گەلی بێ خاك و نیشتمان، گەلێکی روو لە مردنە، یان بێ خاکی، هەڵبژاردنی مردنە، بۆیە ئەوانەی لە ترسی مردن وڵاتی خۆیانیان بەجێ هێشت، هەر بەو کارەیان مردنیان هەڵبژارد.

لێرەوە ئێمەی گەلی کوردستان وەکو هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە، مافی سرووشتی و خواپێداوی خۆمانە کە خاك و نیشتمان و زێدی باب و باپیرانی خۆمانمان خۆش بوێت، بەتایبەت کوردستانی ئێمە کە وێڕای ئەوەی جگە لە خۆمان، خەڵکان و گەڕیدە و پسپۆڕ و مێژوونووسانێکی زۆر، شایەدی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زۆر سیفات و تایبەتمەندێتی جۆراوجۆر و کەم وێنەیە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ شوێنی بەرچاو و هەڵکەوتووی کوردستان دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێر و بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بوو ببێتە شوێنی نەجاتبوون و لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی لە دوای تۆفانی سەردەمی (نوح)ەوە تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، بۆیە کوردستان لەو رۆژەوە، لە روانگەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆتە چەق و سەنتەری دیمۆگرافیی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی.

دووەم: یەکێك لە ئاماژەکانی ئایەتی:

**[قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ] .**

لەوانەیە ئەوە بێت کە وێڕای ئەوەی کوردستان خاوەنی خاکێکی پڕخێر و بەرەکەت و فەڕی هەمیشەییە، لەهەمان کاتیشدا نیشتمانی ئاشتی و پێکەوەژیانە بۆ کوردو گشت ئەو گەلانەی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

کە تیایدا دەژین، هەر وەکو خوای گەورە فەرمووی: (بسلام منا).

سێیەم: بەدەر لەم هەموو تایبەتمەندییە کەم وێنەیەی کە نیشتمانی ئێمە هەیەتی، نیشتمان و زێدی باب و باپیران لەلای هاوولاتیانی هەمیشە خۆشەویستە و مرۆڤ هیوای هەموو خێر و خۆشییەك بۆ نیشتمانی خۆی دەخوازێت، کاتێکیش لە نیشتمانی خۆی دەربکرێت، ئەوا هەموو ساتێك گەڕانەوە بۆ وڵات و نیشتمان بە ئاوات دەخوازێت.

بۆیە کاتێك کە دەسەڵاتدارانی قورەیش، پێغەمبەر و هاوەڵانیان لە (مەککە) وەدەرنا، پێغەمبەر - دروودی خوای لەسەر - ئەوەندە لەبیری شادبوونەوە بوو بە (مەککە)، ئەو کاتە دڵنیا و ئارام بوو کە خوای گەورە بەڵێنی گەڕانەوەی پێ دا بە ئایەتی:

**[إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ]**

واتە دەتگێڕینەوە بۆ (مەککە).

هەر لێرەوە موژدەیەکی گەورە هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەر خاکی خۆیان دەردەکرێن، کە رۆژێك دادێت بە ژووانگە و نیشتمانی خۆیان شاد ببنەوە، چونکە خوای گەورە ناوی ئەوش وێنەی کە مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت بە (معاد) ناو دەبات واتە ئەو شوێنەی کە بۆی دەگەڕێتەوە.

چوارەم: هەروەها بەسەرنجدان لە ئایەتی:

**[وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ]**

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم ئایەتانە ئەگەرچی لەبارەی رووداوگەلێکی مێژوویی و تایبەت بە هەندێك نەتەوە و هەندێك حاڵەتی دیاریکراودا هاتوون، بەڵام لە هەموویاندا ئەو هێماو ئاماژانە دەردەکەون و وەردەگیرێن کە بێ نیشتمانی و دەرکردنی خەڵکی لە خاکی خۆی، بەرامبەرە لەگەڵ کوشتنی ئەو کەسەدا، وەك بڵێی چ کوشتنی مرۆڤ، یان دەرکردن لەخاکی خۆی.

دەبا ئەرکی هەموومان بێت وەك گەلی کوردستان کە زیاتر و زیاتر ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان زیندوو رابگرین.



# مەترسی و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش

## تەنیا بە رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی کۆتایی بە ئایدیۆلۆژیەتی تیرۆر و توندڕەوی نایەت



**ئەو هێزە سیاسییانەی شیعە کە هەست دەکەن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دۆڕاون، هەوڵدەدەن سوود لەو بارودۆخە ئاڵۆزە وەربگرن و سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسیی عێراق پەک بخەنەوە**

**پاشماوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هەوڵدەدەن لە پارێزگا سوننەنشینەکاندا سوود لە بێزاری و تووڕەیی خەڵک وەربگرن و، لە دژی دامەزراوەکانی حکومەت چاوپۆشی لە جموجۆڵەکانی داعش بکەن**

**هەندێک لە هێزە سیاسیەکانی شیعەش لە هەوڵی خۆکۆکردنەوەدان بۆ ئەوەی سوود لە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی شیعەنشین وەربگرن و کۆتایی بە حکومەتی ئێستای عێراق بهێنن**

وەرگەڕانی یەختێکی گواستنەوەی گەشتیاران لە ناو ئاوی دیجلە و لە یەکێك لە سەیرانگاکانی موسڵ، هەتا ئەگەر بە هۆی کەمتەرخەمی و چاوچنۆکیی خاوەنی سەیرانگاکەش بوو‌بێت و، پارێزگار و دامەزراوە حکوومییەکانی ئەو شارەش بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستابن بۆ ئەوەی بە باشی چاودێری ئەو سەیرانگایە بکەن، کە ئاکامەکەی کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە و زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتی گەشتیار لەناو ئاوەکەدا خنکان و گیانیان لەدەست دا، کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە، بەڵام کاردانەوەی توندی خەڵکی موسڵی دژی پارێزگار و کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق تەنیا بە هۆی نوقمبوونی ئەو یەختەیە نەبوو، بەڵکو کارەساتی وەرگەڕانی ئەو یەختەیە بووە دەروازەیەك بۆ ئەوەی تووڕەیی خەڵکی موسڵی تێدا بتەقێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی موسڵ گەیشتۆتە ئاستێك کە ئامادەیە لە هەر ڕووداوێك سوود وەربگرێت و تووڕەیی و بێزاری خۆی تێدا بتەقێنێتەوە.

ئەم تووڕەیی و بێزارییەی لە موسڵ بینیمان، دیاردەیەك نییە تەنیا لە پارێزگای موسڵ بوونی هەبێت، بەڵکو ئەم دیاردەی تووڕەیی و بێزارییەی خەڵك لە کۆی ١٥ پارێزگای عێراق بوونی هەیە، بێجگە لەو سێ پارێزگایەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبردرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم تووڕەیی و بێزارییە لە هەر کاتێك بچووکترین دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێت، سەقامگیری سیاسیی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، نەمانی سەقامگیریی سیاسیش، تەنیا نابێتە ژینگەیەك بۆ خۆ ڕێکخستنەوەی گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بەڵکو هێزە سیاسییەکانی عێراقیش بەتایبەتی ئەو هێزە سیاسییانەی شیعە کە هەست دەکەن لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دۆڕاون، هەوڵدەدەن سوود لەو بارودۆخە ئاڵۆزە وەربگرن و سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسیی عێراق پەك بخەنەوە.

لە ئێستاوە کە وردە وردە وەرزی بەهار بەرەو کۆتایی دەچێت و بەرەو گەرمای وەرزی هاوین هەنگاو هەڵدەگرین، هەر چۆن مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە گرووپ و تاقم و پاشماوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هەوڵدەدەن لە پارێزگا سوننەنشینەکاندا سوود لە بێزاری و تووڕەیی خەڵك وەربگرن و، لە دژی دامەزراوەکانی حکومەت چاوپۆشی لە جموجۆڵەکانی داعش بکەن، بەهەمان شێوە هەندێك لە هێزە سیاسیەکانی شیعەش لە هەوڵی خۆکۆکردنەوەدان بۆ ئەوەی سوود لە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی شیعەنشین وەربگرن و کۆتایی بە حکومەتی ئێستای عێراق بهێنن. ئەم دوو مەزندەیە کە یەکەمیان مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تێرۆریستانی داعشە و دووەمیان گوشار خستنە سەر حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیە، لەگەڵ ئەوەی لە رووی تیۆرییەوە دوو ئاراستەی دژ بە یەکن، بەڵام لە هاندانیان بۆ دروستبوونەوەی ناسەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوە.

هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، بەرەنجامی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسی و دامەزراوەییە بوو کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣وە سەرتاپای حکومەتەکەی نوری مالیکی گرتبۆوە، ئەو کات عەرەبی سوننە لەوە بێزار بوون کە حکومەت بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە، لە چوارچێوەی یاسای تیرۆر مامەڵە لەگەڵ هەر خواست و داواکارییەکی سوننە دەکات، هەر بۆیە ئەم بیزاری و تووڕەییە بووە هۆکاری ئەوەی پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیی عێراق لە بەردەم داعش هەڵبێن و چەك و کەلوپەلەکانیان بۆ بەجێبهێڵن، بەڵام ئێستا ئەم تووڕەیی و بێزارییە لە پارێزگا شیعەنشینەکانی باشووری عێراق بەگشتی و لە بەسرا بەتایبەتی بوونی هەیە، هۆکاری ئەم بێزارییە گشتگیرەش ئەو گەندەڵییە بەرفراوان و بێ شومارەیە کە کۆی وەزارەت و جومگەکانی حکومەت و دەوڵەتی عێراقی گرتۆتەوە، حکومەتی ئێستای عێراقیش کە ماوەی نزیکەی پێنج مانگە دەست بەکاربووە، هێشتا نەیتوانیوە کابینە حکوومییەکەی بە تەواوەتی پێکبهێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی تازە بە سەرۆکایەتی د.عادل عەبدولمەهدی هێشتا وەك پێویست دەست بەکار نەبووە، بەڵام دوو مەترسیی گەورە

(داعش و ئینتیهازیەتی هێزە سیاسییەکان) هەڕەشەی کەوتن و رووخاندنی لێدەکەن.

بەپێی راپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمریکاو چەند دەوڵەتێکی دیکەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە تیرۆریستانی داعش گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێی راماڵدرابوون، دەزگای هەواڵگرییەکانی عێراقیش لەگەڵ ئەوەی بەو قەبارەی لە راپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعشی پشتڕاست نەکردۆتەوە، بەڵام رەتیشی نەکردۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تیرۆریستانی داعش نەك هەر تەنیا لە چەند شوێنێکی بیابانەکانی پارێزگای ئەنبار جموجۆڵیان بینراوە، بەڵکو لەچەند شوێنێکی دیکە و جیاوازیش واتە هەر لە شەرگاتەوە لە نزیك پارێزگای موسڵ تا دەگاتەوە پارێزگای دیالە بوونیان هەیە و خەریکی خۆڕێکخستنەوەن، وەك بەشێك لە میدیای عەرەبیی عێراقیش لە زاری خەڵکی ناوچەکەوە لە رووماڵی هەواڵەکاندا ئاماژەی پێ دەکەن، تیرۆریستانی داعش پەنایان بردۆتەوە بەر هەڕەشە و تۆقاندنی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە و پێیان راگەیاندوون ئەگەر هاوکاریی دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکانی حکومەتی عێراق بکەن، ئەوا ئەوان توندترین سزایان دەدەن. ئەم هەوڵەی تیرۆریستانی داعشیش بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە، هەتا ئەگەر تیرۆریستانی داعش نەشتوانن ناوچەیەك کۆنترۆڵ بکەن، یان پارێزگاری لێ بکەن، ئەوا ئەو ناوچەی ئەوان پێویستیان پێیەتی ئەوەیەکە بە هاوکاری هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە وەك ناوچەیەکی ئارام وابێت بۆ جوڵە و ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکانیان.

راپۆرتە هەواڵگرییەکانی حکومەتی ئەمریکا کە پێش هەر لایەکی دیکە هۆشداری ئەوەی داوە کە دووبارە تیرۆریستانی داعش گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و خەریکی دووبارە خۆڕێکخستنەوەن، داوای ئەوە دەکەن کە حکومەتی عێراق بە فەرمی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا پەسەند بکات، بەڵام بە فەرمی پەسەندکردنی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ حکومەتی ئێستای عێراق کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە چۆن لە ساڵی ٢٠١١ حکومەتی عێراق رەتیکردەوە کە هیزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا چیتر بمێننەوە و، ئەمریکاش بە ناچاری هێزەکانی خۆی کشاندەوە و، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بینیمان چۆن لەماوەی تەنیا ساڵێك و چەند مانگێکدا سەرلەنوێ رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق خۆی رێکخستەوە و پاشان ناوی خۆی گۆڕی بۆ داعش. لە ئێستادا حکومەتی عێراق هەست بەو مەترسییە دەکات کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چ مەترسییەك لەسەر سەقامگیریی عێراق دروست دەکات، بەڵام موزایەدەی سیاسیی لایەنە سیاسییەکانی شیعە لەناو پەرلەمانی عێراقدا خەریکە هەمان سیناریۆی ٢٠١١ دووبارە دەکاتەوە.

دۆناڵد ترەمپ هاوکات لەگەڵ جەژنی نەورۆزدا کۆتاییهاتنی تیرۆریستانی داعشی لە شاری باهۆز لە سووریا راگەیاند، بەڵام ئەمە راگەیاندنی کۆتایی خەلافەتی ئیسلامی داعش بوو، نەك کۆتاییهاتنی فیکری تیرۆر و تیرۆریستی، ئەمەش بەو مانایەی: راستە دەکرێت بە هێزی سەربازی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) یان ئەمارەتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان بڕووخێندرێت، بەڵام لە ریشە هەڵکێشانی فیکری تیرۆر و تیرۆریستی و توندڕەوی، پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوە و دۆزینەوەی هەلی کار و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویست و سەرەکییەکانە بۆ هاووڵاتیان، کە لە ئێستاد ئەم کارە بە تەنیا لە توانای حکومەتی عێراقدا نییە و ئەمریکا و دەوڵەتانی هاپەیمانیش بەو ئاستە لە رووی ئابوورییەوە هاوکاری عێراق ناکەن بۆ ئەوەی بەو میکانیزمە مامەڵە لەگەڵ لە ریشەهەڵکێشانی فیکری تیرۆر و تیرۆریستی بکات.

### ● ئەو ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەی داعشی دروست کرد ئێستاش بەردەوامی هەیە

هەفتەی رابردوو دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا، بەرزاییەکانی جۆلانی وەك خەڵات پێشکەشی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد، پێشتریش هەر بە بڕیارێکی هاوشێوەی دیکە باڵیۆزخانەی ئەمریکای لە ئۆرشەلیمەوە بۆ قودس گواستەوە، لەبەرامبەر ئەم دوو بڕیارە ترسناکە بەرامبەر جیهانی ئیسلامی (بە هەردوو بەرەی سوننە

■

**هۆکاری سەرهەڵدانی ریکخراوی تیرۆریستی داعش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، بەرەنجامی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسی و دامەزراوەییە بوو کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣وە سەرتاپای حکومەتەکەی نوری مالیکی گرتبۆوە**

■

**بەپێی راپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمریکاو چەند دەوڵەتێکی دیکەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە تیرۆریستانی داعش گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێی راماڵدرابوون**

■

**لە ئێستادا حکومەتی عێراق هەست بەو مەترسییە دەکات کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چ مەترسییەک لەسەر سەقامگیریی عێراق دروست دەکات، بەڵام موزایەدەی سیاسیی لایەنە سیاسییەکانی شیعە لەناو پەرلەمانی عێراقدا خەریکە هەمان سیناریۆی ٢٠١١ دووبارە دەکاتەوە**




دۆناڵد ترەمپ هاوکات لەگەڵ جەژنی نەورۆزدا کۆتاییهاتنی تیرۆریستانی داعشی لە شاری باهۆز لە سووریا ڕاگەیاند، بەڵام ئەمە ڕاگەیاندنی کۆتایی خەلافەتی ئیسلامی داعش بوو، نەک کۆتاییهاتنی فیکری تیرۆر و تیرۆریستی

لە ریشە هەڵکێشانی فیکری تیرۆر و تیرۆریستی و توندڕەوی، پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوە و دۆزینەوەی هەلی کار و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویست و سەرەکییەکانە بۆ هاووڵاتیان

دژایەتی و کێشەی مەزهەبی لەناو دەوڵەتانی ئیسلامی (شیعە و سوننە) گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەر لایەکیان ئەوی دیکەیان بە مەترسیی گەورەتر لەسەر خۆی بزانێت، نەک دەوڵەتی ئیسرائیل

و شیعەوە) بەگشتی و جیهانی عەرەبی بە شێوەیەکی تایبەتی، کاردانەوەیەکی توندمان نەبینی، ئەمە لە کاتێکدا بەرەی دەوڵەتانی عەرەبی سوننە، کێشەی فەلەستین و خاکە داگیرکراوەکان و شەڕی ساڵی ١٩٦٧ بە کێشەیەکی پیرۆزی عەرەبی و ئیسلامی دەزانن، بەرەی شیعەش کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێبەرایەتی دەکات و پێشتر هەڕەشەی سڕینەوەی دەوڵەتی ئیسرائیلی دەکرد و سوپایەکیشی بە ناوی سوپای قودس دروستکردووە، کاردانەوەی ئەم بەرەیەشیان لە بەرەی دەوڵەتانی عەرەبی سوننە باشتر نەبوو.

عەبدولڕەحمان ڕاشد سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت و کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی پادشایەتی سعودیە، نەک هەر ئەم هەنگاوەی ترەمپ بە خەڵاتکردنی بەرزاییەکانی جۆلان پرۆتۆستۆ ناکات، بەڵکو ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی حافز ئەسەدی سەرۆکی کۆچکردووی سووریا و بەشار ئەسەدی کوڕی کە نەیانتوانیوە هاوشێوەی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر کە چۆن بە ڕێگەی ئاشتی (سینا)ی وەرگرتەوە، ئەوانیش بەرزاییەکانی جۆلان وەربگرنەوە، ڕاشد لە نووسینەکەیدا زیاتر سەرکۆنەی هەردوو سەرۆکی (باوک و کوڕ) دەکات و دەڵێت، هەروەک چۆن سادات ڕازی بوو کە ژمارەی دەبابەکانی میسر لە سینا لەلایەن ئیسرائیلەوە دیاری بکرێت لە پێناوی ئەوە خاکەکەی وەرگرتەوە، دەبوو حافز ئەسەدیش نەرمی بنواندایە و شەڕی ١٠ مەتر (حرب الامتار العشرة) ی نەکردایە و بەشێکی بەرزاییەکانی جۆلانی وەربگرتایەتەوە.



هەڵوێستەکردن لەسەر ئەم وتارەی ڕاشد کە ڕاستەوخۆ دوای بڕیارەکەی ترەمپ لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاوکراوەتەوە، ئەوەمان پێ دەڵێت، لە باشترین حاڵەتدا ئەمە هەڵوێستی شانشینی عەرەبستانی سعودیە بەرامبەر بڕیارەکەی ترەمپ و لکاندنی بەرزاییەکانی جۆلان بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، هەروەها نەبوونی کاردانەوەی توندیش لەلایەن هێزەکانی ئێران لە سووریا و نزیک لە بەرزاییەکانی جۆلان و هەروەها نەبوونی کاردانەوەی توندی هێزەکانی حزبوڵڵای لوبنانی، دیسان ئەمەشیان مانای ئەوەیە کە بەرەی دەوڵەتانی ئیسلامیی شیعەش بە سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئێستا باشترین هەڵوێست بێدەنگییە بەرامبەر بڕیارەکەی ترەمپ.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیی سوننە کە ماوەی ٧٠ ساڵ زیاترە کێشەی فەلەستینیان کردۆتە دروشمی سەرەکیی خۆیان و کۆماری ئیسلامی کە ماوەی ٤٠ ساڵە داوای سڕینەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕووی نەخشەی جیهان دەکات، بۆچی لە ئێستادا بەرامبەر ئەم دوو بڕیارە بێدەنگییان هەڵبژاردووە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لای بیرمەندان و پسپۆڕانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە دژایەتی و کێشەی مەزهەبی لەناو دەوڵەتانی ئیسلامی (شیعە و سوننە) گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەر لایەکیان ئەوی دیکەیان بە مەترسیی گەورەتر لەسەر خۆی بزانێت، نەک دەوڵەتی ئیسرائیل، هەر ئەمەش وایکردووە کە لەم کاتەدا و لە ماوەیەکی کورتدا دۆناڵد ترەمپ بتوانێت دوو بڕیاری لەمجۆرە بۆ بەرژەوەندیی ئیسرائیل بدات.

محەمەد بن سەلمان جێنشینی شای سعودیە دوای ئەوەی لەیەک دوو ساڵی ڕابردوو پرۆگرامی چاکسازی لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند، ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە کرد کە مەترسیی سەرهەڵدانی توندڕۆیی ئیسلامیی سوننە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستی پێ کردووە، بۆ ئەمەش لە دیمانەکەیدا لەگەڵ کەناڵی NBCی ئەمریکی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێش ساڵی ١٩٧٩ کرانەوەیەکی گەورە لە سعودیە هەبووە و بەمشێوەیەی ئێستا نەبووە. ئەم قسەیەی جێنشینی سعودیە بە دیوێکی دیکەدا دیسان هەمان مانای هەیە کە سەرچاوەی کێشەکانی

**محەمەد بن سەلمان جێنشینی شای سعودیە دوای ئەوەی لەیەک دوو ساڵی ڕابردوو پرۆگرامی چاکسازی لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند، ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە کرد کە مەترسیی سەرهەڵدانی توندڕۆیی ئیسلامیی سوننە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستی پێ کردووە**

**هەرێمی کوردستان تەنیا ناوچەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ژینگە سیاسییەکەی ڕێگە بە سەرهەڵدانی فیکری توندڕۆیی نادات، نەک سەرهەڵدانی فیکری داعش، هەر بۆیە مەترسیی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان تەنیا مەترسییەکی دەرەکییە نەک مەترسییەکی ناوخۆیی**

**شەڕی دژی تیرۆر پێویستی بە مامەڵەیەکی دەوڵەتییانە هەیەو، دەبێت وەک دەوڵەتیش مامەڵە لەگەڵ مەترسییەکی هاوشێوەی مەترسی تیرۆریستانی داعش بکرێت**

**لەکاتی دروستبوونی هەر هەڕەشەیەک لە دەرەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق وەک دەوڵەتێکی دراوسێش نەیتوانیوە هاریکاری هەرێمی کوردستان بکات**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستبوونی ئەو بەرەبەندییەی لەنێوان دەوڵەتانی ئیسلامیی شیعە و سوننە دروست بووە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە و ململانێ مەزهەبییەی کە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەناوچەکە دروست بووە.

کێشەو ململانێی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ کە ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە عێراق کشاندەوە، بەو ئاستە هەڵنەکشابوو کە مەترسیی ئەوەی لێ بکرێت کێشە و ململانێی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە بگاتە ئەو ئاستەی کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتە هەرێمێکی شکستخواردوو، بەڵام کاتێك دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، حکومەتی عێراق سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعەی دژی عەرەبی سوننە لە عێراق پیادە کرد و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی ڕژێمی ئەسەد (عەلەوی) دەستێوەردانی کرد، ئەمە وایکرد، ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە، ستراتیژیەتی خۆی بگۆڕێت و بەناوی بەرگریکردن لە سوننە ناوی خۆی بگۆڕێت و بانگەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بکات.

دیارە لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە هەناوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لەدایك بووە، بەڵام ئەو هەلومەرجەی بووە هۆکاری ئەوەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دابمەزرێت، جیاواز بوو لەو بارودۆخ و هەلومەرجەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی



داعشی تیا دامەزرا. ئەوانەی چاودێریی پرۆسەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی دەکەن، باش لەو راستییە ئاگادارن کە هۆکاری سەرەکی بۆ وەرچەرخانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق بۆ داعش، بەرەنجامی ئەو پشتگوێخستن و کەمتەرخەمییەی ئیدارەی ئۆباما بوو کە دوای کشانەوە هێزەکانی ئەمریکا، لەگەڵ حکومەتی عێراق مامەڵەی پێ کرد. واتە ئەو شێوازی مامەڵەکردنەی ئیدارەی ئۆباما بووە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی عێراق دەستکراوە بێت و پاشانیش لەگەڵ هەڵکشانی شەڕەکانی سووریاش، بەرەبەندییەك لەنێوان عێراق و سووریا دژی عەرەبی سوننە دروست بێت، ئەم بەرەبەندییەی نێوان سووریا و عێراق دژی عەرەبی سوننەی هەردوو وڵات وایکرد، بەشێکی سوننەی عێراق و سووریا هاوسۆزی بۆ داعش پیشان بدەن.

هەندێك لە چاودێران ئێستاش پێیان وایە، هەڵەی رۆژئاوا و ئەمریکا ئەوە بوو کە نەخۆشییە سەرەکییەکەیان بە هەند وەرنەگرت، کە کێشە و ململانێی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە دروستی کردبوو، بەڵکو هاتن داعشیان لە نەخۆشییەکە جیاکردەوە و بە جیا مامەڵەیان لەگەڵ دەرهاویشتە خراپەکانی نەخۆشییەکە کرد، ئەم مامەڵە خراپەی رۆژئاوا، جیا لەوەی نەیتوانی ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە، لە هەمانکاتدا

**سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ توانای هەرێمی کوردستان بۆ دوورخستنەوەی مەترسی تیرۆریستان لەسەر هەرێمی کوردستان**



**سەقامگیریی سیاسی بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هاووڵاتیان دابین بکات و پردێکی بەهێز لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی دروست بکاتەوە**

**ئەگەر بتوانرێت سەقامگیریی سیاسیش دابین بکرێت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە توانای پێویستی خۆیان کار بکەن، ئەوا هێزی ناوخۆیی کوردستان باشتر دەتوانێت زەمینەسازی بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان بکات**

**وێڕای ئەوەی ئاماژەمان بەوە کرد کە ژینگەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان خۆڕسکانە فیکری توندڕۆیی دروست ناکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە فیکری توندڕۆیی دزە ناکاتە ناو ژینگەی سیاسیی کوردستان و لە ناوەوە فیکری داعش، یان توندڕۆیی و تیرۆر بەرهەم ناهێنێت**

سۆزی ئەو موسڵمانانەشی بۆ داعش ڕاکێشا، کە تیایاندا بوو نەوەی سێیەمی هاووڵاتی بوو لە ڕۆژئاوادا، لەمەش خراپتر ئەم مامەڵە خراپە، شەڕی دژی داعش و تیرۆریستانی گواستەوە بۆ شەڕی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، یان موسڵمان و کریستیان، بۆیە ئەو کاردانەوە خراپانەی موسڵمانانی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر ڕۆژئاوا نواندیان، تەنیا هەر ئەوەندە نەبوو کە لە ڕۆژئاواوە کۆچ بکەن و ببنە چەکداری داعش، بەڵکو لەناو دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بە دەیان و سەدان کاری تیرۆریستییان ئەنجامدا و، ڕۆژئاوایان ناچارکرد کە دەستبەرداری بەهاکانی مرۆڤایەتی و لیبراڵی ببن و بگەڕێنەوە و دەنگ بە حزبە ڕاستڕەوو پۆپۆلیستەکان بدەن.

لێرەوە ئەگەر ئاراستەی گریمانەکەمان بەو جۆرە بخەینەڕوو، کە ئەگەر ژینگەی لەبار بۆ دروستبوونی داعش لە عێراقەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئایا ناشێت هەر لە عێراقەوە ژینگەیەکی ئەوتۆ دروستبکرێتەوە کە فیکری داعش و توندڕەوی هەڵبکێشرێت؟ بەڵام پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، پرسیارێکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ئایا چۆن ئەو ژینگە تەندروستە دروست دەکرێت کە بتوانرێت، فیکری داعش و توندڕەوی تێدا ریشەکێش بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لەو کۆڕەدا دایەوە کە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی (USIP) بۆی سازکردبوو. لەم کۆڕەدا حەلبووسی وتارێکی پێشکەش کرد و، ڕاشکاوانە باسی لە عێراقی دوای قۆناخی داعش کرد، هەروەها باسی ئەو دەرهاویشتە خراپانەی کرد کە شەڕی داعش هەموو ژێرخانەکانی خزمەتگوزاری لە عێراقدا کاول کردبوو. پێشنیاری حەلبوسی بۆ ئامادەبووانی کۆڕەکە و حکومەتی ئەمریکا ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ عێراقی دوای داعش بکەن، تەنیا بە شکستی سەربازیی داعش، کۆتایی بە داعش نایەت و پێویستە حکومەتی ئەمریکا وەک هاوپەیمانی عێراق، پێش هەموو شت پشتگیری دەوڵەتی عێراق بکات بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیری دابین بکات و، ئەم سەقامگیرییە ببێتە بناخە بۆ ئەوەی کۆمپانیا گەورەکان ڕوو لە عێراق بکەن و وەبەرهێنان لە دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی عێراق بکەن، هەروەها هاوکاری دەوڵەتی عێراق بکەن بۆ ئەوەی ئاوارەکانی ناوخۆی کە ژمارەیان زیاتر لە چوار ملیۆن کەسە دووبارە نیشتەجێ بکرێنەوە، زامنی ئەوەش بکرێت کە جارێکی دیکە ئاوارە نەبنەوە.

لێرەوە ئەگەر سەرنجێك لە قسەکانی حەلبووسی بدەین، کە لانیکەم پێشتر خاوەنی ئەزموونێکی باشی بونیادنانەوەی ژێرخانەکانی خزمەتگوزاری بووە، وەك پارێزگاری ئەنبار، دەبینین ئەو میکانیزمەی بۆ ریشەکێشکردنی فیکری داعش ئاماژەی پێکرد، مامەڵە دروستەکەیە لەگەڵ واقیعی سیاسیی عێراق و نەهێشتنی کێشە سیاسییەکانە، ئەوجا دەستکردن بە دووبارە بونیادنانەوە و هاندانی وەبەرهێنان لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی هاووڵاتیانی عێراقیدا، بەڵام ئایا لەسەر ئەرزی واقیعی سیاسیی عێراقدا، هەنگاوەکان بەوجۆرە هەڵدەگیرێن کە محەمەد حەلبووسی ئاماژەی پێ کردووە؟ بێگومان وەك هەموو لایەك دەبینین ئاراستەکان بە پێچەوانەی ئەو میکانیزمەن، هەر بۆیە مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە.

**● هەرێمی کوردستان**

**مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش**

هەرێمی کوردستان تەنیا ناوچەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ژینگە سیاسییەکەی ڕێگە بە سەرهەڵدانی فیکری توندڕۆیی نادات، نەك سەرهەڵدانی فیکری داعش، هەر بۆیە مەترسیی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان تەنیا مەترسییەکی دەرەکییە نەك مەترسییەکی ناوخۆیی، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر داعش دووبارە سەرهەڵبداتەوە، یان جارێکی دیکە بەرفراوانی دەست بە کردەوە خۆکوژی و تیرۆریستییەکانی بکاتەوە، دەبێتە مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر کوردستان؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە چەند ڕەهەندێك لەخۆی دەگرێت کە لەوانەیە هەندێکیان ڕاستەوخۆ و هەندێکیان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە سەرهەڵدانەوەی

داعشەوە هەبێت، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەین:

١. شەڕی دژی تیرۆر پێویستی بە مامەڵەیەکی دەوڵەتییانە هەیەو، دەبێت وەك دەوڵەتیش مامەڵە لەگەڵ مەترسییەکی هاوشێوەی مەترسی تیرۆریستانی داعش بکرێت، بەڵام بەداخەوە هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە، بۆیە گرنگە بەردەوام وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا پەیوەندییەکی پتەو و فراوان لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی هەبێت، لەم چوارچێوەیەدا سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ توانای هەرێمی کوردستان بۆ دوورخستنەوەی مەترسی تیرۆریستان لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم فاکتەرە گرنگە ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە دۆخێکی باشدان، ئەو ئاستە فراوانە نییە کە هەموو کێشەکان چارەسەر کرابن و بتوانرێت وەك کۆڵەگەیەکی سەرەکی بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکانی تیرۆریستان پشتی پێ ببەسترێت.

٢. دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو کە راستەوخۆ و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا مامەڵەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە و مەشق و راهێنانیان بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، زۆر باش لەو راستییە تێگەیشتوون، لەکاتی دروستبوونی هەر هەڕەشەیەك لە دەرەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی دراوسێش نەیتوانیوە هاریکاری هەرێمی کوردستان بکات، لەوانەشە ئەگەر پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغداش بەرەو باشتریش بچن، دیسان لەکاتی دروستبوونی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش، دیسان دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق نەتوانێت هاوکاری پێویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق خۆی سوپایەکی نیشتمانی پتەوی نییە هەتا بتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ دابینکردنی سەقامگیری بۆ ناوچەکانی خۆی و پەنای بردۆتە بەر هێزێکی میلیشیایی هاوشێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بۆیە گرنگە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، مامەڵەیەکی ئاست بەرزتر لە بواری سەربازی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن و چەکی پێشکەوتوو بدەنە پێشمەرگە بۆ ئەوەی بتوانێت مەترسیی تیرۆریستان لە سنوورەکانی کوردستان دوور بخاتەوە، ئەم پێداویستییە گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعشەوە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بە ئاستی دەوڵەتێك بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، واتە لەو ئاستەدا هاوکاریی هەرێمی کوردستانیان نەکردووە.

٣. سەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، کۆڵەگە و بەردی بناخەی بەرگریکردنە لەو هەڕەشانەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەبێت پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ئاستی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی پرۆسەی سیاسیی دەوڵەت و وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی خۆیدا بکات و، هەموو رێوشوێنێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سەقامگیریی سیاسی خۆی بکات. واتە سەقامگیریی سیاسی بۆ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هاووڵاتیان دابین بکات و پردێکی بەهێز لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی دروست بکاتەوە. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆر باش توانیویەتی سەقامگیریی ئاسایش و سەلامەتیی هاووڵاتیان دابین بکات، بۆیە ئەگەر بتوانرێت سەقامگیریی سیاسیش دابین بکرێت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە توانای پێویستی خۆیان کار بکەن، ئەوا هێزی ناوخۆیی کوردستان باشتر دەتوانێت زەمینەسازی بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان بکات.

٤. ئاشکرایە لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش، خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەك چۆن دوای سەرهەڵدانی داعش لە ٢٠١٤ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە روویان لە کوردستان کرد، ئەمەش بارگرانییەکی گەورە لە رووی دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزاری

**لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بە رێگەی دزەکردنی فیکری داعشی، توندڕۆیی دزەی کردۆتە ناو هەندێک لە مزگەوتەکانی کوردستان و لەناو ئەو چەند مزگەوتە هەوڵێک هەبووە بۆ ئەوەی فیکری داعشی و توندڕۆیی وەک فیکرێکی هەناردەکراوی دەرەکی بکرێتە فیکرێکی لۆکاڵ و تیرۆریستی خۆماڵی بەرهەم بهێنێت**

**چۆن رێگرتن لە دزەکردنی فیزیکیی تیرۆریستان بۆ ناوەوەی کوردستان پێویستی بە شەونخوونی پیاوانی پۆلیس و ئاسایش لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوا بە هەمان شێوە بۆ رێگرتن لە دزەکردنی فیکری داعشیش بۆ ناو مزگەوتەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوا پێویستمان بە شەونخوونیی زانایانی ئایینی ئیسلام و زانایانی زانکۆکانی کوردستان هەیە**

**سەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، کۆڵەگە و بەردی بناخەی بەرگریکردنە لەو هەڕەشانەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەبێت پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ئاستی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی پرۆسەی سیاسیی دەوڵەت و وەک دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی خۆیدا بکات و، هەموو رێوشوێنێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سەقامگیریی سیاسی خۆی بکات**



دەخاتە سەرشانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش یەکێکە لەو دەرهاویشتە خراپانەی کە لەوانەیە لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش رووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببێتەوە.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، تەنیا ئەو مەترسییانەن کە وەك مەترسیی دەرەکی لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا، وێڕای ئەوەی ئاماژەمان بەوە کرد کە ژینگەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان خۆڕسکانە فیکری توندڕۆیی دروست ناکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە فیکری توندڕۆیی دزە ناکاتە ناو ژینگەی سیاسیی کوردستان و لە ناوەوە فیکری داعش، یان توندڕۆیی و تیرۆر بەرهەم ناهێنێت، بەڵام ئەوەی جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەو فیکرە هاوردەیە کە دزە دەکاتە ناو پرۆسەی سیاسی لە ناوخۆی کوردستان و لەناو ژینگەی سیاسیی کوردستاندا فیکری تیرۆر و داعشی بەرهەم دەهێنێت، ئەمیش وەك ئەو تیرۆریستە خۆکوژانە وایە کە بە شێوەیەکی فیزیکی دزە دەکەنە ناو کوردستان و لە ناو کوردستاندا خۆیان دەتەقێننەوە، هەر بۆیە چۆن گرنگە ریگە لە تیرۆریستان بگیرێت کە بە ڕێگەی فیزیکی دزە نەکەنە کوردستان، ئەوا بە هەمان ئاست و بگرە زیاتریش گرنگترە کە ریگە نەدرێت بە ڕێگەی فیکریش دزە بکەنە ناو کوردستان، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بە ڕێگەی دزەکردنی فیکری داعشی، توندڕۆیی دزەی کردۆتە ناو هەندێك لە مزگەوتەکانی کوردستان و لەناو ئەو چەند مزگەوتە هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی فیکری داعشی و توندڕۆیی وەك فیکرێکی هەناردەکراوی دەرەکی بکرێتە فیکرێکی لۆکاڵ و تیرۆریستی خۆماڵی بەرهەم بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ژینگەی سیاسیی کوردستان لە بناخەوە لەسەر بنەمای لێبووردەیی و پێکەوەژیان خۆڕسکانە گەشەی کردووە و بۆتە کولتوور و دابونەریتی نیشتمانییانەی هاووڵاتیانی کوردستان، ئەوا نەتوانراوە ئەو فیکرە نامۆیانە تاسەر لە ژینگەی کوردستاندا گەشە بکەن، بەڵام دیسان چۆن ڕێگرتن لە دزەکردنی فیزیکیی تیرۆریستان بۆ ناوەوەی کوردستان پێویستی بە شەونخوونی پیاوانی پۆلیس و ئاسایش لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوا بە هەمان شێوە بۆ ڕێگرتن لە دزەکردنی فیکری داعشیش بۆ ناو مزگەوتەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوا پێویستمان بە شەونخوونیی زانایانی ئایینی ئیسلام و زانایانی زانکۆکانی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی هاریکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەت، (بەتایبەتی وەزارەتەکان ئەوقاف و پەروەردە و خوێندنی باڵا) بکەن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن فیکری داعشی و تیرۆر دزە بکاتە ناو کوردستان.





**سەید سدیق کەپرانی**

**بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای هەولێر و شارەزا لە بواری شەریعە و یاسا:**

# پێویستە گرنگی بە بەرەنگاربوونەوەی فیکری توندڕەوەی بدرێت

**فرەئایینی و لێبووردەیی ئایینی مێژوویەکی قووڵ و هاوبەشی لەناو میللەتی کورد هەیە و بەپێچەوانەوە هەموو دیاردەیەکی توندڕۆیی و توندوتیژی ڕەتکراوەتەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی حزبی ئیسلامی، فکری توندڕەوی و ناکۆکی لەنێوان مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەریهەڵداوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی (سەید سدیق کەپرانی) بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای هەولێر و شارەزا لە بواری شەریعە و یاسا کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئەوەی لە کوردستان شانازی پێوە دەکەین، دیاردەی فرەئایینییە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، ئەم دیاردەی لێبووردەییە بێجگە لە کوردستان لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامیدا بوونی نییە، ئایا ئەم گیانی پێکەوە ژیانە تا چەند بۆ زیرەکی و لێهاتوویی زانایانی ئایینیی کوردستان دەگەڕێتەوە؟**

-لە راستیدا بوونی ئەو هەموو ئایینە لە کوردستان خۆی لە خۆیدا نیشانەی یەکتر قبووڵکردن و لێبووردەیی و موحیبەتی میللەتی کوردە بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە، ئەمەش بۆتە رەمز و خەسڵەتێك بۆ میللەتی ئێمە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٦ ڕێکخراوێکی گەورەی ئەڵمانی هاتە لای ئێمە لە وەزارەت و گوتیان: کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزا لە بابەتی پێکەوەژیان بانگهێشتی ئەڵمانیا دەکەین، بۆ ئەوەی سوودیان لێوە وەربگرین، چونکە نموونەی ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستاندا هەیە، کەم وێنەیە. هەروەها یەکێك لە مەبەستە گەورەکانی شەڕانگێز و چەتەکانی داعش-یش کە بە داخەوە لە ساڵانی رابردوو هێرشیانکردە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان، ئەوە بوو کە ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان لە ناو ببەن، ئەوان دوور بوون لە ئایینی ئیسلام بەڵام کە هاتن و بە ناوی ئیسلام و لەژێر چەند ئاڵایەك کە دروشمی ئیسلامیان لەسەر بوو، سنووری برا ئێزیدییەکانیان لە کوردستان پێشێل کرد، ویستیان بە برا ئێزیدییەکان بڵێین ئەوە ئیسلامە دژی ئێوەیە و ئەوە ئیسلامە ئێوە قبووڵ ناکات، بەڵام سوپاس بۆ خوا پارێزەرانی پێکەوەژیان کە برا پێشمەرگەکانمان، توانییان پارێزگاری لە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان بکەن، هەروەها جەنابی سەرۆك بارزانی هەمیشە رۆڵی سەرەکیی لە پاڵپشتیکردنی ئەم گیانی پێکەوەژیانەدا هەبووە.

*** کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوونەتە مێژوویەکی هاوبەش، دەکرێت بڵێین کورد تەنیا نەتەوەیە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێشوازیی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و چەندین زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، ئایا ئەو نهێنییە چییە کە کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و ئارەزوومەندانە پێشوازی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە؟**

- کورد ئارەزومەندانە ئایینی ئیسلامی هەڵبژاردووە و تا ئێستاش بە پاکی سەرقاڵی ئایینپەروەریی خۆیەتی، دواتر ئێمە دەزانین کە تورك سوودی لە ئیسلام وەرگرت و گەوەرترین ئیمپراتۆریەتی پێ دامەزراند، بە هەمان شێوە فارسیش وڵاتێکی گەورەی پێ دامەزراند، عەرەب خۆی پێکردە سەروەری جیهان، بۆیە زۆرجار دەڵێین ئێمە نەمانتوانی سوود لە ئیسلام وەربگرین، بۆ ئەوەی ببینە خاوەن دەوڵەتێك، بەڵام ئێمە ویستمان ئەم ئایینپەروەرییە بە پاکی رابگرین و دوور بێت لە سیاسەت، سەرەڕای ئەوەی مافی خۆشمانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان سوودمان لە ئایینی ئیسلام وەربگرتایە، چونکە ئیسلام مافی هەموو تاك و چین و توێژ و میللەتێك دەدات. هەرچۆنێك بێت، پێم وایە کورد ئارەزومەندانە ئایینی ئیسلامی هەڵبژاردووە و بۆ مەبەستی سیاسی، یان بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی میللی

**پارێزەرانی پێکەوەژیان کە برا پێشمەرگەکانمانن، توانییان پارێزگاری لە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان بکەن، هەروەها جەنابی سەرۆک بارزانی هەمیشە رۆڵی سەرەکیی لە پاڵپشتیکردنی ئەم گیانی پێکەوەژیانەدا هەبووە**

**بوونی ئەو هەمووە ئایینە لە کوردستان خۆی لە خۆیدا نیشانەی یەکتر قبووڵکردن و لێبووردەیی و موحیبەتی میللەتی کوردە بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە، ئەمەش بۆتە رەمز و خەسڵەتێک بۆ میللەتی ئێمە**

**لە ساڵی ٢٠١٦ ڕێکخراوێکی گەورەی ئەڵمانی هاتە لای ئێمە لە وەزارەت و گوتیان: کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزا لە بابەتی پێکەوەژیان بانگهێشتی ئەڵمانیا دەکەین، بۆ ئەوەی سوودیان لێوە وەربگرین، چونکە نموونەی ئەو پێکەوەژیانەی لە کوردستاندا هەیە، کەم وێنەیە**

و تاکەکەسی و شەخسی بەکاریشی نەهێناوە. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئایین بۆ ڕێکخستنی ژیانە و سەرەتا دەبێت خاك و خەڵك هەبێت، تاوەکو ڕێکی بخات، کەواتە لە پرسی پەیوەندیی نێوان کوردایەتی و ئایینپەروەریدا، کورد هەمیشە شانازی بە موسڵمانبوونی خۆیەوە کردووە، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی موسڵمان بین، کورد بووین. لەلایەکی دیکەوە کەڵەپیاوانی هەڵکەوتووی میللەتی ئێمە هەمیشە وا پەروەردە کرابوون کە خۆشویستنی نیشتمان و خوێنڕشتن لە پێناو خاکدا بەشێکە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بگرە کۆڵەکەیەکی زۆر گرنگیشە، کەواتە ئەوە ئیسلامە کە فێری تێکەڵکردنی ئایین و نەتەوەی کردووین.

*** وەکو ئاماژەت پێدا گەلی کورد بە ویست و ئارەزووی خۆی ئیسلامی وەرگرتووە، بەڵام ئێستا ئەوەتا چەندەها بیروبۆچوونی جیاوازی ئایینی لە دەرەوە دەهێنرێتە کوردستان، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی بە ناوی وەزارەتی ئەوقاف هەیە، ئەم وەزارەتەش گەورەترین دامەزراوەی ئایینییە لە کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٦ کاری لەسەر بابەتی فیکری کردووە، بەڵام بەداخەوە زیاتر کار لەسەر بابەتە ڕۆتینییەکان دەکات، ڕاستە دەبێت کاروبارە کارگێڕییەکانی ڕایی بکرێن، بەڵام پێویستیە گرنگی و بایەخ بە بابەتی فیکریش بدرێت، ئێمە دەزانین خەڵکێکی زۆر دەچووە دەرەوە بۆ خوێندن و خەڵکێکی زۆریش دەهاتە وڵاتەکەوە، هەموو ئەمانەش بە بێ پلان دەکران، چونکە لە وڵاتانی دراوسێش ئەم کارە دەکرێت، بەڵام هەمووی لەژێر چاودێریی حکومەتدایە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فیکری نامۆ لە دەرەوە بێتە کوردستان و تەنانەت مامۆستایانی ئایینییش بەدەر نەبوون لە کاریگەریی ئەم فیکرانە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاریگەر بن لەسەر بەشێك لە ڕۆڵەکانی میللەتی ئێمە و هەندێ لە هاووڵاتی ئێمە چوونە نێو گرووپە توندڕەوەکان، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە مامۆستایانی ئایینی جێی شانازی ئێمەن، ئەوان سەرقافڵەی بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکە چەوتەکانی گرووپی وەك داعش بوون، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە دەبێت گرنگی بە پرسە فیکرییەکان بدرێت، من بۆ مێژوو دەیڵێم، ئەگەر ئێمە ئاگاداری خۆمان نەبین لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی فیکری توندڕەوی، ئەوا دە ساڵی دیکە منداڵەکانی ئێمە خۆمان سەردەبڕن.

*** ئایا بەشێك لەو فکرە توندڕەوییە بۆ دیاردەی حزبی ئیسلامی ناگەڕێتەوە؟ لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی وەك کۆمەڵگەی کوردستاندا حزبی ئیسلامی چ مانایەکی هەیە؟ مزگەوتەکانی کوردستان هەموویان وەك ئەوەن یەك مامۆستای ئایینی پێشنوێژی تێدا بکات، بەڵام بە درووستبوونی حزبی ئیسلامی ئەم یەکگرتووییە خەریکە پەرتەوازە دەبێت، ئایا تاچەند حزبی ئیسلامی هۆکارە بۆ تەفرەقە لە نێوان موسڵمانانی کوردستاندا؟**

**تورک سوودی لە ئیسلام وەرگرت و گەورەترین ئیمپراتۆریەتی پێ دامەزراند، بە هەمان شێوە فارسیش وڵاتێکی گەورەی پێ دامەزراند، عەرەب خۆی پێکردە سەروەری جیهان، بۆیە زۆرجار دەڵێین ئێمە نەمانتوانی سوود لە ئیسلام وەربگرین، بۆ ئەوەی ببینە خاوەن دەوڵەتێک**



- حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێگا پێدراون و مۆڵەتیان هەیە، ئەوانیش بۆخۆیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات سیاسەت دەکەن، بۆ نموونە یەکێك لە سەرکردەکانیان باس لەوە دەکات ئێمە نەگەینە دەسەڵات، ناتوانین کاری خۆمان بکەین، ئەوان دەڵێن دەمانەوێت خزمەت بە خەڵك بکەین، دەڵێن چۆن دەتوانین ئەم خزمەتە بکەین، ئەگەر نەگەین بە لوتکەی دەسەڵات، واتە هەموو مەبەستەکە گەیشتنە بە لوتکەی دەسەڵات. من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە زۆرجار وتوومانە ئێمە کێشەی ئایینیمان نییە، ئێمە میللەتێکی موسڵمانین، بەڵام کێشەی فیکریمان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەم حزبە ئیسلامییانە بە شێوەیەکی گشتی بوونەتە هۆی لێکترازانی مامۆستایانی ئایینی، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێت لە قەبارەی ئەوان بڕوانین، چونکە قەبارەی ئەوان وەڵامێکە بۆ هەموو بانگەشە و بانگەوازەکانیان. دواتر ئێمە بۆ پەرلەمان نوێنەرێکی ئایینی هەڵنابژێرین، بەڵکو ئەمە مەسەلەیەکی کارگێڕی و یاساییە، ئێمە دەزانین حەزرەتی یوسف دروودی خوای لەسەر بێت لە وڵاتی میسردا پۆستی لە حکومەتەکە وەرگرت، کە سەرۆکی وڵاتەکە باوەڕێکی جیاوازی هەبوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بواری کارگێڕی جیاوازە، بەڵام بۆچی تۆ دێیت و بۆ گەیشتن بە مەرامی خۆت کە دەسەڵاتە، ئایین تێکەڵ بە سیاسەت دەکەیت؟

*** ئێوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات باسی بەکارهێنانی ئایینتان کرد، بەڵام مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی دەقە ئایینییەکانەوە بۆ شەرعییەتدان بە کاری توندوتیژی، لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

-لە ڕاستیدا شرۆڤەکردنی دەقەکان کێشە بۆ خەڵك دروست دەکات، بۆ نموونە خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: ( واعتصموا بحبل الله جمیعا..) بەڵام دەکرێت ئەو وشەی حەبلە بە چەند شێوەیەك شرۆڤە بکەیت، یان ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت لە هەر جێیەك گەیشتنە غەیرە موسڵمان بیانکوژن، بەڵام ئەمە بۆ چ کاتێکە، بۆ کاتی شەڕکردنە، چۆن دەکرێت ئێستا من بە گەنجێکی بێ زانیاری بڵێم ئەمە ئەمر و فەرمانی خوایە و هانی بدەم و بە کوشتی بدەم، خۆیشم لە ناو جێی گەرم پاڵ بدەمەوە؟ سەبارەت بە چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی ئەو شرۆڤە هەڵانە و بڵاوبوونەوەی وتاری توندڕەوییش ئێمە لەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرەکان و ئەو کونسوڵانەی لە هەرێمی کوردستانن و بەئامادەبوونی مامۆستایانی ئایینی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکمان سازکرد، لە کۆنفرانسەکەدا کۆمەڵێك خاڵی جددی پێشنیار و پەسەندکران، یەکێك لەو بابەتانە ڕێکخستنەوەی وتاری ئایینی بوو کە پێویستە وتارەکان ناونیشانەکانیان دەستنیشان بکەین، لە ئەنجامدا ئێستا دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی پشێوی لە وتارەکاندا زۆر کەم بۆتەوە.

**ئایین بۆ ڕێکخستنی ژیانە و سەرەتا دەبێت خاک و خەڵک هەبێت، تاوەکو ڕێکی بخات، کەواتە لە پرسی پەیوەندیی نێوان کوردایەتی و ئایینپەروەریدا، کورد هەمیشە شانازی بە موسڵمانبوونی خۆیەوە کردووە، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی موسڵمان بین، کورد بووین**

**ئەگەر ئێمە ئاگاداری خۆمان نەبین لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی فیکری توندڕەوی، ئەوا دە ساڵی دیکە منداڵەکانی ئێمە خۆمان سەردەبڕن**



# ئیسلامی سیاسی له یەمەن

ناکرێ لە حوسییەکان تێبگەین و بیانناسین، بێ ئەوەی بە زەیدییەکان ئاشنا نەبین، چونکە حوسییەکان درێژکراوەی مێژوویی ئەو تایفەیەن لەگەڵ گۆڕانکارییە فیکری و بیروباوەڕییەکان کە لە مێژوودا لە ئەنجامی هەلومەرجی تێکچووی یەمەن روویانداوە، بۆیە یەکەم جار باس لە زەیدییەکان دەکەین، کە بە رەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ زەیدی کوڕی عەلی کوڕی زەینولعابدین کوڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵب، ئەوانە شیعەی میانڕەون و نزیکن لە ئەهلی سوننە، ئەوان ئیمامەتی تەنیا لە پشتی عەلی کوڕی ئەبوتاڵب دەزانن، کە ئەو لە ئەبوبەکر و عومەر لەپێشترە بۆ خەلافەت، بەڵام دان بە خەلافەتی هەردووکیاندا دەنێن، ئەوان لەگەڵ شیعەی عێراق و لوبنان و ئێران و کەنداو جودان، خەڵکی کوفە داوایان لێکردن شۆڕش دژی ئەمەوییەکان بەرپا بکەن لەسەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلك (١٢٥ك، کۆچی کردووە)، کاتێ خەڵکی کوفە زانییان کە زەید دەستبەرداری هەردوو خەلیفە ئەبوبەکر و عومەر نابێت، وازیان لێ هێنا و پشتگیرییان بۆ شۆڕش رەتکردەوەو ناویان نا «رافیزە»، بۆیە زەید لە لیستی دوازدە ئیمامیدا نابینین، بەڵکو محەمەد باقری برای لە لیستەکەدایە کە بە ١٨ ساڵ لە زەید گەورەترە، محەمەد باقر ئیمامی پێنجەمە لای مەزهەبی دوازدە ئیمامیی شیعە، زەید لە ساڵی (١٢٢ك، کۆچی کردووە) کوژرا، دیارە زەید پەندی وەرنەگرت لە حوسێنی شەهیدی باپیرەی (٦١ك، کۆچی کردووە) کە خەڵکی کوفە بێ ئومێدیان کرد، شیعەی کوفە وەلایان بۆ ئیمامی شەشەم جەعفەر سادق گۆڕی، دوای کوشتنی زەید، یەحیای کوڕی کە لەگەڵ باوکی بەشداری شۆڕشی کردبوو، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی زەیدییەکانی کرد، بەڵام رزگاری بوو و لە کوفەوە هەڵات بۆ خوراسان، دواتر شەڕێك روویدا لەنێوان ئەو و والی خوراسان نەسر کوڕی یەسار کە ئەمەوی بوو، ئەوە بوو یەحیا لە ساڵی (١٢٥ك) کوژرا، دوای ئەو ئەبوعەباس عەبدوڵلای سەفاح لەنێوان (١٣٢-١٣٥ك) خەلافەتی گرتەدەست، دواتر براکەی ئەبو جەعفەر مەنسوور لەنێوان (١٣٦-١٥٨ك) کە دامەزرێنەری راستەقینەی دەوڵەتی عەباسییە، بەڵام خەلیفەکانی عەباسی بە مەزهەبی شیعە پابەند نەبوون، بەڵکو لەسەر رێبازی ئەهلی سوننە بەردەوام بوون، بۆیە شیعە شۆڕشیان دژی ئەوان بەرپاکرد، بەڵام جەعفەر سادق کە ئیمامی شەشەمی شیعەیە

**خەلیفەکانی عەباسی بە مەزهەبی شیعە پابەند نەبوون، بەڵکو لەسەر رێبازی ئەهلی سوننە بەردەوام بوون، بۆیە شیعە شۆڕشیان دژی ئەوان بەرپاکرد**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەستی لە سیاسەت وەرنەدا، بەڵکو رووی لە زانست کرد، ئیمامەکانی دیکە شۆڕشیان دژی خەلافەتی عەباسی بەرپاکرد و شکستیان هێنا، یەکێك لەوانەی کە شۆڕشی هەڵگیرساند محەمەد کوڕی عەبدولڵا حەسەن موسەننا بوو کە ئەبوجەعفەر مەنسوور لە مەدینە کوشتی لە ساڵی (١٤٥ك)، لە سەردەمی هارون رەشید لەنێوان(١٧٠-١٩٣ك)دا دوو بزووتنەوەی شیعەی دژ بە دەوڵەتی عەباسی پەیدابوون، بزووتنەوەی یەکەم لەلایەن ئیدریس کوڕی عەبدولڵا بوو لە مەغریب کە دەوڵەتی زەیدیی شیعەی لە ساڵی (١٧١ك) بە ناوی ئەداریسە دامەزراند، زۆربەی لایەنگرانی لە بەربەر(ئەمازیغییەکان)بوون، بەڵام هارون رەشید لە ساڵی (١٧٦ك)کوشتی و دەوڵەتەکەشی رووخاند، دوومیان بە سەرۆکایەتیی یەحیا بوو لە ئێرانی ئێستا، زەیدییەکان پەرش و بڵاوبوون بۆ چەند مەزهەبێك وەك جارودی و سلێمانی و ساڵحی و بەتری، لە سەردەمی مەئمون ساڵی (١٩٩ك) محەمەد کوڕی ئیبراهیم تەباتەبایی لێ پەیدابوو کە ئیبراهیم کوڕی محەمەدی ئامۆزای ناردە یەمەن بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی بەمەبەستی پشتیوانیکردنی شۆڕشەکەی دژی مەئمون لە بەغدا، خەلیفە مەئمون شۆڕشەکەی دامرکاندەوە، بەڵام نەیتوانی بگاتە یەمەن بۆ لەناوبردنی ئامۆزاکەی، لەبەر سەختیی ناوچەکەو باڵادەستیی عەشایری بەسەر کۆمەڵگەی یەمەندا، بۆیە مەئمون ولایەتی یەمەنی پێ بەخشی بە مەرجێ سەر بە ئەو بێت، بەم شێوەیە ولایەتەکە بۆ ماوەی سەد ساڵ هەر سەربەو مایەوە، یەکەم کەس کە زەیدیی بردە یەمەن یەحیا کوڕی حوسێن کوڕی قاسم هادی بوو، لە مەدینەوە چووە یەمەن لە ساڵی (٢٨٠ك) لەسەر خواستی خەڵکەکە، چونکە تەبیعەتی مەزهەبی شیعە بوونی مەرجەعییەتی شیعە دەسەپێنێت بۆ یەکخستنی ناکۆکییەکانی فیقهی شیعە، هەروەها سیاسیش ئەگەر پێویست بوو، چونکە مەرجەعییەتی ئایینی دەست لە سیاسەت وەرنادات، جگە لەوانەی بڕوایان بە ولایەتی فەقیهـ هەیە، ئەوان دەستوەردان لە سیاسەت بە ئەرك دەزانن، یەحیا کوڕی حوسێن کوڕی قاسم هادی لە(سەعدە)ی باکووری یەمەن گیرسایەوەو میرنشینی زەیدیی دامەزراند، بەڵام سوننە لە باشووری یەمەن نیشتەجێ بوون، یەمەن لە ئەنجامی پەیدابوونی دەوڵەتی ئیسماعیلی و ئەیووبی و فاتیمی رووبەڕووی ململانێ و شەڕوشۆڕی زۆر بووەوە، دواى

**جەعفەر سادق کە ئیمامی شەشەمی شیعەیە دەستی لە سیاسەت وەرنەدا، بەڵکو رووی لە زانست کرد، ئیمامەکانی دیکە شۆڕشیان دژی خەلافەتی عەباسی بەرپاکرد و شکستیان هێنا**

ئەوەی یەمەن سەقامگیر بوو، عوسمانییەکان هاتنە باشووری یەمەن و بۆ ماوەی (٣٨٨)ساڵ حوکمیان کرد، واتا لەنێوان(٩٤٥-١٣٣٣)، بەڵام زەیدییەکان بەردەوامبوون لە حوکمی سەعدە، تا بە تەواوی هەموو خاکی یەمەنیان لە ساڵی (١٣٣٣) داگیرکرد دوای ململانێ لەگەڵ عوسمانییەکان، زەیدییەکان تا شۆڕشی یەمەن ساڵی(١٩٦٢) حوکمی یەمەنیان کرد، بەمەش زەیدییەکان لە یەمەن کۆتاییان هات کە هەزار ساڵ حوکمڕانیی ئەو وڵاتەیان کرد.

با لە باکووری یەمەنەوە دەست پێ بکەین، عەبدوڵا سەلال کاروباری سەرۆکایەتیی کۆماری عەرەبی لە باکووری یەمەن لەنێوان ساڵانی(١٩٦٢-١٩٦٧) گرتەدەست، بەمەش بوو بە یەکەم سەرۆك کۆمار، کە لەساڵی ١٩٦٧ کودەتایەکیان دژی ئەنجامدا، دوای ئەو لە (١٩٦٧-١٩٧٤) عەبدولڕەحمان ئێریانی هات و ئەویش دوای کودەتا سپییەکەی ئیبراهیم حەمدی دەستی لە کار کێشایەوە، ئەویش لە (١٩٧٤-١٩٧٧) بوو بە سەرۆك کۆمار تا ئەو ڕۆژەی تیرۆرکرا. دوای ئەو ئەحمەد حوسێن غەشمی لە(١٩٧٧-١٩٧٨) هات و ئەویش کوژرا، عەلی عەبدوڵا ساڵح هەڕەشەی لێکردو ناچاربوو دەستی لە کار کێشایەوە، بەمەش عەلی عەبدوڵا بوو بە سەرۆکی وڵات لە(١٩٧٨-١٩٩٠) تا ئەو کاتەی یەکێتیی لەنێوان باکوورو باشوور هاتەدی و بوو بە سەرۆکی یەمەنی یەکگرتوو، ئەوەی پەیوەستە بە باشووری یەمەنەوە، ناوی دەوڵەتەکە کۆماری یەمەنی دیموکراسی و پایتەختەکەشی عەدەن بوو، بەریتانیا دەیەویست بە تەواوی داگیری بکات، بەتایبەتیش دوورگەی عەدەن کە پایتەختی ئابووری بوو، بەڵام یەمەنییەکان ڕەتیان کردەوە، بۆیە بەریتانیا یەکێتیی باشووری یەمەنی لە ساڵی ١٩٦٥ دامەزراند، بەڵام یەمەنییەکان ئەم دابەشکردنە ئیدارییەی بەریتانیایان ڕەتکردەوە، بۆیە بەرەی نەتەوەیی ڕزگاری هاتەئاراوە، هەروەها بەرەی ڕزگاریی باشووری یەمەن بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی جەمال عەبدولناسر، بەمەش کۆنترۆڵی باشووری یەمەنیان کردو مەندوبی بەریتانیایان کوشت، دواتر بەریتانیا لەساڵی ١٩٦٨ کشایەوە، دوای وتووێژ لەگەڵ قەحتان شەعبی یەکەم سەرۆك کۆماری باشووری میلیی یەمەن(١٩٦٧-١٩٦٩)، ئینجا بەرەی نەتەوەیی لەنێوان چەپڕەوان و ڕاستڕەواندا دابەش کرا، ململانێکە بە سەرکەوتنی چەپڕەوەکان کۆتایی هات، دوای دەستگیرکردنی قەحتان شەعبی کە دەستی لەکار کێشایەوە، دواتر سالم ڕەبیع بوو بە سەرۆك کۆمار(١٩٦٩-١٩٧٨)، ناوی دەوڵەتەکەی گۆڕی بۆ کۆماری دیموکراتی میلیی یەمەن، ئینجا دەستوورێکی تازەیان نووسییەوە، پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتی بەست تا لەسێدارەدرا، دوای ئەو عەبدولفەتاح جوفی لە(١٩٧٨-١٩٨٠)هات و ئەویش لەسێدارەدرا، عەلی ناسر محەمەد لە(١٩٨٠-١٩٨٦) هات، بەڵام هەڵاتە کۆماری عەرەبیی یەمەن دوای سەرهەڵدانی ڕووداوە خوێناوییەکانی نێوان سەرانی حزبی سۆسیالیست، دوای ئەو عەلی سالم ئەلبیز لەنێوان(١٩٨٦-١٩٩٠) هات و بوو بە جێگری سەرۆك کۆماری یەمەنی یەکگرتوو کە سەرۆکەکەی عەلی عەبدوڵا ساڵح بوو، لە ١٩٩٠ یەمەنییەکان توانیان باکوورو باشوور یەکبخەن، بەمەش عەلی عەبدوڵا ساڵح بوو سەرۆك کۆمارو عەلی سالم ئەلبیزیش بە جێگری، دەستوورێکی تازەیان بۆ وڵات دانا دوای ریفراندۆمی ساڵی ١٩٩١، لە ساڵی ١٩٩٤ شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوولا ڕوویداو عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرکەوت، باشوورییەکان لەوانەش عەلی سالمی جێگری هەڵاتن بۆ سوڵتاننشینی عومان، عەلی عەبدوڵا ساڵح بە تەنیا حوکمی کرد، قسەیەکی ناوداریشی هەیە کە دەیگوت: (حوکمڕانیی یەمەن وەك سەمایە لەسەر سەری مار).

شاری سەعدە بە درێژایی مێژوو پایتەختی زەیدییەکان بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ حوسییەکان یەکێتیی لاوانیان دامەزراند بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی زەیدی لەنێو خەڵکدا لەلایەن سەلاح ئەحمەد لفیتە، دوای یەکێتیی یەمەن لە ١٩٩٠ڕێگە بە فرەیی سیاسی درا، بەمەش چەندین حزبی سیاسی و ئایینی و بەعسی و ناسری و سۆسیالیست هاتنە مەیدانەوە، یەکێتیی لاوان بوو بە حزبی حەق لە (١٩٩٠)، لە ساڵی (١٩٩٢) کۆڕبەندی لاوانی بڕواداران لەلایەن بەدرەدین حوسییەوە دامەزرا، لە ساڵی (١٩٩٧) کوڕەکەی کە ناوی حوسێن بەدرەدین حوسییە

**مەرجەعییەتی ئایینی دەست لە سیاسەت وەرنادات، جگە لەوانەی بڕوایان بە ولایەتی فەقیهـ هەیە، ئەوان دەستوەردان لە سیاسەت بە ئەرك دەزانن**

**سرووشتی ئایین و مەزهەبەکانە کاتێک تێکەڵ بە سیاسەت دەبن و نیشتمان کاول و خاپوور دەبێت**

ئەم کۆڕبەندە رۆشنبیرییەو سیاسییەی گۆڕی بۆ حزبێکی سیاسی بە ناوی رێکخراوی لاوانی بڕوادار، ئەمەش هەریەك لە سەلاح فلێتەو مەجدەدین موئەیدیی تووڕە کردو وازیان هێناو بە سەرپێچیکردن لە مەزهەبی زەیدی تۆمەتباریان کرد، لە ساڵی ٢٠٠٢ دوای هەر نوێژێك دروشمی (ئەڵلاهوئەکبەر، مردن بۆ ئەمریکا، مردن بۆ ئیسرائیل، نەفرەت لە جوولەکە، سەرکەوتن بۆ ئیسلام)یان بەرزکردەوە، حکومەت هەوڵیدا رێیان لێ بگرێت، چونکە دەیزانی ئەو دروشمانە لە ئێران و حزبوڵای لوبنانییەوە هاوردەکراوە، حوسییەکان ئەم هەڵەیان قۆستەوە بۆ یاخیبوون و بەرهەڵستیکردنی حکومەت، حوسێن حوسی سەرۆکایەتیی ئەو یاخیبوونەی کرد. ئەو پەرلەمانتاری یەمەنی بوو لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٣-١٩٩٧، لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا کوژرا، دواتر باوکی بۆ دوو ساڵ سەرکردایەتیی گرتەدەست، ئینجا عەبدولمەلیك حوسیی کوڕی لە ٢٠٠٦، یەحیا حوسی هەڵات بۆ ئەڵمانیاو داوای مافی پەنابەریی سیاسی کرد و بوو بە بەرپرسی سیاسیی حزب لە ساڵی ٢٠٠٤، بەڵام سوننە گردبوونەوەی چاکسازیی یەمەنیان بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدوڵا ئەحمەر لە ساڵی ١٩٩٠ دامەزراند، ئەو بۆ سێ خولی لەسەریەکی پەرلەمانی لە ١٩٩٣وە بوو بە سەرۆکی پەرلەمان، لە ٢٠٠٧دا کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی ٢٠٠٨دا محەمەد عەبدوڵای یەدومی بە ئەمینداری گشتیی گردبوونەوەکە هەڵبژێردرا، بەڵام شێخ عەبدولمەجید زندانی، دیارترین سەرکردەی گردبوونەوەکە بوو، ئەم گردبوونەوەیە تێکەڵەی رەوتی سەلەفیی جیهادی و ئیخوانی بوو، چونکە دامەزرێنەری سەلەفییەت لە یەمەن شێخ موقبل هادی وادعی بوو لە ٢٠٠١ مردووە، ئەو سەلەفییەتی جیهادی رەتدەکردەوە کە بڕوا بە کاری سیاسی و خەباتی چەکداری دەهێنێت، ئەویش زیاتر جەختی لە وانەی زانستی و پەروەردەیی دەکردەوە، گردبوونەوەی چاکسازیی یەمەن لایەگری عەلی عەبدوڵا ساڵح بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ کەوتە ململانێ لەگەڵیداو دیارە ئەم کاتەش بۆ سەرهەڵدانی دوو حزبی ئیسلامی، یەکێکیان شیعیی زەیدی کە حوسییەکان نوێنەرایەتییان دەکرد، ئەوی دیکەش سوننیی ئیخوانی (گردبوونەوەی چاکسازیی یەمەن)، ترس بوو لەوەی فیکر کۆنترۆڵی گۆڕەپانی یەمەن بکات، ئەو دوو حزبە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداربوون، حوسێن بەدرەدین حوسی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٣ و ١٩٩٧ بەشداری کرد، دواتر کە حوسییەکان هەستیان بە کاریگەری و هێزیان کرد، بەتایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی بەدرەدین حوسی لە یەمەن، کە کتێبێکی دانا بە ناوی (زەیدییەکان لە یەمەن) تێیدا روونکردنەوەیەکی باسکرد لە نێوان فیکر و بیروباوەڕ و پرۆگرام و لەنێوان زەیدییەکان و دوازدە ئیمامیی جەعفەری، بۆیە لە سوننە دوورکەوتنەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە پێش خۆیان لەسەری بوون لە زەیدییەکان وەکو شۆکانی و میر سەنعانی، ئەمەش سرووشتی ئایین و مەزهەبەکانە کاتێك تێکەڵ بە سیاسەت دەبن و نیشتمان کاول و خاپوور دەبێت، لەبەرئەوە سەرکردە حوسییەکان و زانایان و سیاسەتوانانیان پەیوەندییان لەگەڵ ئێران و حزبوڵای لوبنانی و هەندێ حزبی شیعەی عێراق بەهێزکرد، بۆیە شاندێکی حوسییەکان لە ساڵی ٢٠١٦ سەردانی بەغدای کرد و لەلایەن سەرکردەکانی حەشدی شەعبییەوە پێشوازیکرا لەوانە ئەبو مەهدی موهەندیس و عامری و خەزعەلی، لەگەڵ یەکدیدا باسیان لە کردنەوەی لقێکی حەشد کرد لە یەمەن وەك هەنگاوی یەکەمی هاوکاریی نێوانیان، کاتێکیش پەیوەندیی نێوان حوسییەکان و گردبوونەوەکە تێکچوو، سەرۆك عەلی عەبدوڵا ساڵح ئەم هەلەی قۆستەوە بە پشتگیریکردنی حوسییەکان لە دژی گردبوونەوەکە، چونکە گردبوونەوەی چاکسازی دەستبەرداری پشتگیریکردنی ئەو ببوون، بەڵام حوسییەکان متمانەیان بە ساڵح نەبوو، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٤ شەڕ لە نێوان حوسییەکان و حکومەت بە سەرۆکایەتیی ساڵح رووی دا، حوسییەکان دەستیان بەسەر تەواوی سەعدەدا گرت، دەوڵەتی قەتەر لە ساڵی ٢٠٠٨ هەردوو لای ئاشت کردەوە، بەڵام جارێکی دیکە شەڕ هەڵگیرسایەوە تا ساڵی ٢٠١٠، ئینجا هەردوو لا ئەم جارەش لەسەر راگرتنی شەڕ رێککەوتن، لە ساڵی ٢٠١١ راپەڕینی میللی لەئەنجامی بەهاری عەرەبی بەرپابوو، بە بەشداریی گردبوونەوەی

**شاندێکی حوسییەکان لە ساڵی ٢٠١٦ سەردانی بەغدای کرد و لەلایەن سەرکردەکانی حەشدی شەعبییەوە پێشوازی کران لەگەڵ یەکدی باسیان لە کردنەوەی لقێکی حەشد کرد لە یەمەن وەک هەنگاوی یەکەمی هاوکاریی نێوانیان**

**حوسییەکان لە ساڵی ٢٠١٣ بەشدارییان لە کۆنگرەی نیشتمانیدا کردو حکومەتێکی گواستنەوەیان بە سەرۆکایەتیی عەبد رەبو مەنسوور هادی پێکهێنا**

چاكسازیی یەمەن بۆ رووخاندنی حكومەتەكەی سەرۆك ساڵح، حوسییەكان ئەم راپەڕینەیان بە دەرفەت زانی و بۆشایی سیاسی و سەربازییان پڕكردەوە، ئەوە بوو لە ٢٠١٢ عەلی عەبدوڵا ساڵح دەستبەرداری حوكم بوو، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ حوكمڕانیی كرد، حوسییەكان لە ساڵی ٢٠١٣ بەشدارییان لە كۆنگرەی نیشتمانیدا كردو حكومەتێكی گواستنەوەیان بە سەرۆكایەتیی عەبد رەبو مەنسوور هادی پێكهێنا، حوسییەكان لاوازیی حكومەت و فشاری دەرەكی بەتایبەتی ئێرانیان قۆستەوە و بەردەوامبوون لە كۆنترۆڵكردنی تەواوی یەمەن، بۆیە لە ٢٠١٤ ئەمەیان بۆ هاتەدی و سەنعای پایتەختیان داگیركرد، دیارە پاسەوانی كۆماریی سەرۆكی پێشوو ساڵح گوێڕایەڵی ئەو بوون، چونكە وەك سەرۆكی حزبەكەی (كۆنگرەی گشتیی میللی) لە سەنعا مایەوە، بۆیە كوڕەكەی سەركردایەتیی پاسەوانی كۆماریی كرد بۆ یارمەتیدانی حوسییەكان بە مەبەستی رووخاندنی حكومەتی كاتی بە سەرۆكایەتیی عەبد رەبو هادی، هاوپەیمانیی عەلی عەبدوڵا ساڵح لەگەڵ حوسییەكان لە ساڵی ٢٠١٤ دەستی پێكردو سێ ساڵ بەردەوام بوو، تا كارەكەی بۆ حوسییەكان ئاشكرا بوو، دواتر حوسییەكان پەرلەمانیان هەڵوەشاندەوە، لە ساڵی ٢٠١٥ كۆشكی سەرۆكایەتییان كۆنترۆڵ كرد، عەبد رەبو مەنسوور هادی-یان ناچاركرد رێككەوتنێك بۆ رازیكردنیان واژۆبكات، كە كۆتایی بە ململانێی چەكداری بهێنێت، رێككەوتنەكەش بەم شێوەیەیە:

١. زیادكردنی رێژەی حوسییەكان لە پەرلەماندا.

٢. نوێنەرایەتیكردنی زیاتری خەڵكی باشوور لە حكومەتدا.

٣. بەفیدراڵیكردنی یەمەن.

بەڵام سەرۆكی كاتیی یەمەن هادی دوای راگەیاندنی شكستی رێككەوتنەكە دەستی لە كار كێشایەوە، بەزۆری نیشتەجێكرا دواتر توانی بەرەو عەدەن رابكات و دەست لەكاركێشانەوەكەی هەڵوەشێنێتەوە، ململانێی چەكداری سەریهەڵدایەوە، حوسییەكان بەهێزبوون و بوونە هەڕەشەیەكی مەترسیدار بۆ دەوڵەتانی

**حوسییەكان لاوازیی حكومەت و فشاری دەرەكی بەتایبەتی ئێرانیان قۆستەوە و بەردەوامبوون لە كۆنترۆڵكردنی تەواوی یەمەن**



دراوسێ و بەتایبەتیش دەوڵەتانی كەنداو و بەدیاریكراویش سعودیە، سعودیە هاوپەیمانییەكی عەرەبی راگەیاند كە ئیمارات و كوەیت و بەحرەین و قەتەر-پێش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵدا ببڕێت- و سودان دەگرێتەخۆ، لەگەڵ بەشدارییەكی رەمزیی میسرو ئوردن و مەغریب بۆ گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ عەبد رەبو مەنسور هادی، دەوڵەتە مەزنەكان و كەنداو باڵیۆزخانەكانیان لە سەنعا كشاندەوە و حوسییەكانیش پردێكی ئاسمانییان لەگەڵ ئێران كردەوە بۆ گواستنەوەی چەك و سووتەمەنی، لە ساڵی ٢٠١٦ حوسییەكان و حزبی كۆنگرەی گشتیی میللی (باڵی ساڵح) ئەنجومەنی حوكمیان بۆ پێكهێنانی حكومەت و راگرتنی پلانە سەربازییەكەی سعودیە راگەیاند، بەڵام حوسییەكان لە كۆتاییدا دەركیان بەوە كرد كە ساڵح هەماهەنگیی نهێنیی هەیە لەگەڵ هاوپەیمانیی عەرەبی كە سعودیە سەرۆكایەتیی

**دەوڵەتە مەزنەكان و كەنداو باڵیۆزخانەكانیان لە سەنعا كشاندەوە و حوسییەكانیش پردێكی ئاسمانییان لەگەڵ ئێران كردەوە بۆ گواستنەوەی چەك و سووتەمەنی**

**ئێستا حوسییەكان دەستیان بەسەر پایتەختدا گرتووە و بە هۆی پشتیوانیی راستەوخۆی ئێران و حزبوڵای لوبنانی و هەندێ تاقمی حەشدی شەعبیی عێراقی رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبن**



دەكات، بەتایبەتیش ئیمارات، تاكو هاوپەیمانییەك بێتەئاراوە لەنێوان سەرۆكی پێشوو عەلی عەبدوڵا و گردبوونەوەی چاكسازیی سوننە تاكو ببێتە جێگرەوەی حوسییەكان، بۆیە حوسییەكان لە ساڵی ٢٠١٧ عەلی عەبدوڵاساڵحیان كوشت، بەمەش وتەكەی هاتەدی كە دەیگوت: (حوكمڕانیی یەمەن وەك سەمایە لەسەر سەری مار)، بە راستی سی و سێ ساڵ بەسەر سەری مارەكانەوە حوكمی كردو دواجار مارێك كوشتی.

ئێستا حوسییەكان دەستیان بەسەر پایتەختدا گرتووە، رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزدەبن بەهۆی پشتیوانیی راستەوخۆی ئێران و حزبولڵای لوبنانی و هەندێ تاقمی حەشدی شەعبیی عێراقی، كە دیارە حوسییەكان ناتوانن خۆڕاگربن لەبەردەم هاوپەیمانیی عەرەبیی سوننە بە سەرۆكایەتیی سعودیە كە دەوڵەمەندترین دەوڵەتی عەرەبییەو پەیوەندیی بەهێزی ستراتیژیی لەگەڵ رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریكادا هەیە، هەروەها پایتەختی پیرۆزییەكانی سوننەیە، گەلی عەشایریی رەسەنی یەمەنیش قبووڵ ناكات لە چوارچێوە عەرەبی و سوننییەكە دابڕێت، هەروەها پەیوەندیی بەهێزی مێژوویی نێوان سوننەو زەیدییەكان هەر بەردەوامە، بەڵام سیاسەت لێكی جیاكردوونەتەوە، بەتایبەتیش دوای دەسەڵاتبوونی جاروودییەكان بەسەر زەیدییەكان، هاوكات كاریگەریی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەسەر حوسییەكانەوەو هەوڵیان بۆ گواستنەوەی ئەم ئەزموونە بۆ یەمەن، زانراویشە كە ئەمە بۆ گەلی یەمەن خۆكوشتنە، هەروەها گەورەترین هەڕەشەیە بۆ دەوڵەتانی كەنداو، بۆیە سعودیە و ئیمارات و دەوڵەتانی دیكە هەرگیز رێگە نادەن- هەتا ئەگەر ئەمە بە هەرەسی ئابووریش لەسەریان بكەوێت- دەوڵەتێكی شیعە وەك ئەوەی ئێران كە دەوڵەتێكی فەقیهـ لەو وڵاتەدا دابمەزرێت.

**حوسییەكان ناتوانن خۆڕاگربن لەبەردەم هاوپەیمانیی عەرەبیی سوننە بە سەرۆكایەتیی سعودیە كە دەوڵەمەندترین دەوڵەتی عەرەبییەو پەیوەندیی بەهێزی ستراتیژیی لەگەڵ رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریكادا هەیە**

## دیمانەی تایبەت




مارك كاتز، پرۆفیسۆری حكومەت و سیاسەته لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن. پێشتر توێژەر بووە لە ئەنستیتیوتی بروكێنز و شرۆڤەكاری كاروباری سۆڤیەت بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری مەلیك فەیسەڵ بۆ توێژینەوە و دیراساتی ئیسلامی و چەند سەنتەرێكی دیكە. توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێكی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی رووسیا و شەڕی دژ بە تیرۆر. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێكرد كە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بەرەوپێشچوونی شەڕی دژ بە داعش.

**مارک کاتز**

**تایبەتمەندی شەڕی دژ بە تیرۆر بۆ گوڵان:**

# سەرەڕای تێکشکانی دەسەڵاتەکەی بەڵام هێشتا داعش بە تەواوەتی کۆتایی نەهاتووە

*** وەك كەسێكی تایبەتمەند لە كاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن لە دۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا دۆخی ئێستای ناوچەكە وەك هەمیشە دۆخێكی زۆر ئاڵۆزە، چونكە ئاشكرایە ئەم ناوچەیە بە دەست چەندین كێشەوە گرفتارە، وەك كێشەی سووریا و عێراق، ناكۆكیی فەلەستین-ئیسرائیل و كێشەی یەمەن. بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەم دۆخە بەرەو خراپتر دەچێت، یان نا؟ هەرچەندە پێدەچوو رەوشەكە بەرەو خراپتر بچێت، بەڵام پەرەسەندنەكان بەم ئاراستەیەدا نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین هەلومەرجەكە بەرەو باشتر دەچێت. كەواتە ئەگەر مەسەلەكە پوخت بكەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین پێدەچێت دۆخەكە لە حاڵەتێكی هەمیشەیی تەنگژە و قەیراندا بێت.

*** ئەی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئایا سیاسەتێكی جێگیر بەدی دەكەیت؟**

- نەخێر، سیاسەتێكی لەم چەشنە بوونی نییە، بەڵام ئەوەی بەدی دەكرێت ئەوەیە كە ئیدارەی ترەمپ بە ئاشكرا بەرهەڵستی خۆی بۆ ئێران دەربڕیوە و پشتیوانی لە ئیسرائیل و سعودیە دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت لە كاروباری ئەم ناوچەیەوە زۆر تێوەبگلێت، دەرئەنجامی ئەمەش ئەوەیە كە تۆ ناتوانیت دەستڕۆیشتوویی و كاریگەریت هەبێت ئەگەر پاشەكشە بكەیت لەو ناوچەیە. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بە بڕیارەكانی ترەمپ بكەم لە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە، وەك ناساندنی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل و ئێستاش ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەكانی جۆلانەوە، كە پێم وانییە ئەمریكا دەستكەوتێكی زۆری بەدەست هێنابێت لەم بڕیارانە، چونكە دۆخەكە هەرچۆنێك بێت ئیسرائیل وەك هاوپەیمانێكی دڵسۆزی ئەمریكا

**ئیدارەی ترەمپ بە ئاشکرا بەرهەڵستی خۆی بۆ ئێران دەربڕیوە و پشتیوانی لە ئیسرائیل و سعودیە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت لە کاروبار ئەم ناوچەیەوە زۆر تێوەبگلێت**

دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارانە زۆر لایەنی لە ناوچەکەدا ناڕەحەت کردووە، لەم روانگەیەوە روون نییە ئایا ئامانجی چی بووە لەم بڕیارانە، تەنانەت ئەگەر بڵێین ئەمە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی چینێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگەی ئەمریکی بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە کەسانێك هەن کە لە بەرژەوەندیی ترەمپ دەنگ دەدەن، ئیدی سیاسەت و هەڵوێستەکانی هەرچییەك بن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ئیدارەی ئەمریکا بە ئاشکرا رێچکەی دژایەتیکردنی ئێرانی گرتۆتەبەر کە ئێمە دەزانین سزایەکی ئابووری سەختیشی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندووە، پێتان وایە ئەم سزایانە ئێران ناچار بە سازشکردن دەکەن؟**

- نەخێر، لەو بڕوایەدا نیم، چونکە ئێمە دەزانین بە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەمریکا سزای بەسەر ئێراندا سەپاند، حکومەتی ئێران سیاسەتەکانی نەگۆڕی، لەو باوەڕەشدا نیم کە لە ئێستادا سیاسەتی خۆیان بگۆڕن. دواتر من پێم وایە بڕیاری کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە ساتەوەختێکی هەڵچووندا درا، چونکە ئەگەر تۆ دەتەوێت ئێران نەبێتە خاوەن چەکی ناوکی، ئەوا باشترە پارێزگاری لەم رێککەوتنە بکەیت، نەك لێی بکشێیتەوە. لەم روانگەیەشەوەیە کە زۆرێك لە وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا پشتیوانی لەم رێککەوتنە دەکەن، کەواتە ئەم بڕیارەی ئەمریکا تەنیا بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا خراپتر ببێت. کەواتە ئەمە بڕیارێکی عاتفییانە بوو، کە بەداخەوە زۆر سەرکەوتووش نەبوو.

*** کەواتە پێتوایە گرەوکردنی ئەمریکا لەسەر سیاسەتی سەپاندنی سزاکان کارا نەبووە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئێمە پێشتریش گوێبیستی ئەو لێدوانانە بووین کە سزاکان دەبنەهۆی ئەوەی ئێران هۆش بێنێتەوەبەرخۆی، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە زۆر کەس لە ئێران وەك رکابەر لە ئەمریکا دەڕوانن و ئۆباڵی زۆرێك لە کێشەکانی وڵاتەکانیان دەخەنە ئەستۆی ئەمریکا، کەواتە حکومەتی ئێران لە پێگەیەکی تۆکمەدایە و پشتیوانی زۆری هەیە و زۆر زەحمەتە کە بتوانێت کۆتایی پێبێنێت.

*** کەواتە نابێت پێشبینی ئەوە بکەین ئەم سزایانە ببنەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت بگەڕێتەوە بەسەر مێزی گفتوگۆ و ئامادەبێت رێککەوتنێکی نوێ واژۆ بکات؟**

- نەخێر، دواتر بۆچی ئەوان بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنێکی دیکە؟ بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین وڵاتانی ئەوروپا و چین و رووسیا خۆشحاڵن بە رێککەوتنەکە، کەواتە ئیدی بۆچی ئێران ئەمە بکات؟ هەروەها کاتێك ئەمریکا سزای بەسەر ئەو وڵاتانەدا سەپاند کە بازرگانییان لەگەڵ ئێراندا دەکرد، ئەوا ئەمە بە دڵی ئێران بوو، بە واتایەکی دیکە هەموو ئەوەی ئیدارەی ترەمپ کردوویەتی ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی دیکەدا ئاڵۆز کردووە.

*** ئەگەر بێینە سەر شەڕی دژ بە تیرۆر، بەتایبەتی شەڕی دژ بە داعش، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم شەڕە بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەدیهێناوە و توانراوە دەسەڵاتەکەی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە برووخێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس گوزارشت لە ترس و نیگەرانی خۆیان دەکەن لە سەرهەڵدانەوەی ئەم گرووپە، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت بڵێین پەرەسەندنێکی باشە کە چیتر داعش دەسەڵاتی بەسەر هیچ خاکێك نەماوە، بەڵام ئاشکرایە بوونی ئەم رێکخراوە بەردەوام دەبێت، کەواتە مەترسییەکە ئەوەیە کە ترەمپ کۆنترۆڵکردنی دواناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش بکاتە بیانوویەك بۆ راگەیاندنی سەرکەوتن و پاساوی جێهێشتنی ئەو ناوچەیە، ئەمە لە کاتێکدا هێشتا داعش لەوێدا بوونی ماوە. چونکە ئەمە رێکخراوێك نییە بە یەکجار تێکبشکێت و کۆتایی پێبێت، بەڵکو دەبێت بەردەوام بوونت لەو ناوچەیەدا هەبێت، بۆ رێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی ئایا ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت ئەم کارە بکات، یان نا.

*** ئەی چۆن لە بڕیارەکەی ترەمپ دەڕوانیت لە پەیوەندی بە ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بە سەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە، بەتایبەتی کاریگەریی ئەم بڕیارە لەسەر بەهێزبوونی پاساوی ئەم گرووپانە؟**

- بە تێڕوانینی من ناکرێت بڵێین خەڵکانێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی کە ئامادەن بچنە نێو ریزەکانی داعشەوە پاڵنەرەکەیان ئەم بڕیارەی ترەمپ دەبێت، چونکە ئێمە دەزانین لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ناکۆکی فەلەستین-ئیسرائیل کاریگەری هەبووە لەسەر جیهانی عەرەبی، بەڵام ئێستا کێشەی دیکەیان هەیە کە زۆر سەرقاڵن پێیەوە، کەواتە ئەم بڕیارەی ترەمپ —ئەگەرچی

**به درێژایی ئەو ساڵانەی ئەمریکا سزای بەسەر ئێراندا سەپاند، حکومەتی ئێران سیاسەتەکانی نەگۆڕی، لەو باوەڕەشدا نیم کە لە ئێستادا سیاسەتی خۆیان بگۆڕن**

**لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ناکۆکی فەلەستین-ئیسرائیل کاریگەری هەبووە لەسەر جیهانی عەرەبی، بەڵام ئێستا کێشەی دیکەیان هەیە کە زۆر سەرقاڵن پێیەوە**

یارمەتیدەر نییە- بەڵام کاریگەری نابێت لەسەر ئەوەی ئایا داعش یان رێکخراوی دیکە دەتوانن خەڵك رابکێشنە ریزەکانیانەوە یان نا.

*** کەواتە هۆکاری ریشەیی دروستبوونی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییانە بریتیە لە بوونی سیستمێکی حوکمڕانیی ناکارا و دەوڵەتی شکستخواردوو لەم ناوچەیەدا؟**

- ئەمە راستە، چونکە لە دوای رووخانی رژێمەکان و دروستبوونی ناسەقامگیری دۆخێك دروست بوو کە داعش و گرووپە هاوشێوەکانی بتوانن برەو بە خۆیان بدەن.

*** جگە لە پەرەسەندنی پەیوەست بە تێکشکانی داعش لە سووریا، ئەوا ئێمە دەزانین کە حکومەتی ئەو وڵاتە توانیویەتی بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە، بەتایبەتی بە هاوکاری رووسیا و ئێران، وەك کەسێکی شارەزای سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لە ئێستادا رۆڵی رووسیا لە سووریادا چۆن دەبینیت؟**

- پێم وایە رووسیا ئەدایەکی باشی هەبووە، لە پەیوەندی بە هێنانەدی ئامانجەکانیەوە، چونکە ئێمە دەزانین نەك تەنیا حکومەتەکەی ئەسەدی رزگارکرد، بەڵکو ئێستا ئەم حکومەتە بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ کردۆتەوە، هەروەها بە پێچەوانەی رۆژگاری شەڕی ساردەوە کاتێك یەکێتی سۆڤیەت دەستێوەردانی دەکرد، ئەوا وڵاتانی دراوسێ ترس و نیگەرانییان لا دروست دەبوو، بەڵام ئێستا کە رووسیا دەستتێوەردانی لە سووریادا کردووە، پێدەچێت سەرجەم دراوسێکانی خۆشحاڵ بن، ئەگەر خۆشحاڵیش نەبن، ئەوا بەلای کەمەوە نیگەران نین. واتە راستە ئەوان ئەسەدیان بە دڵ نییە، بەڵام رێز لە رووسیا دەگرن، لەبەر ئەوەی پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانی دەکات و پێیانوایە ئەمە جیاوازی رووسیایە لە ئەمریکا. هەرچۆنێك بێت ئەگەرچی دەستتێوەردانی رووسیا لە سووریادا سەرکەوتوو بووە، بەڵام پێناچێت رووسیا بیەوێت لە رووی سەربازییەوە لە ناوچەیەکی دیکەوە تێوەبگلێت. هەروەها ئەگەرچی دەستتێوەردانی رووسیا لە سووریادا سەرکەوتوو بووە لە بردنەوەی شەڕەکەدا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەو وڵاتە سەقامگیر دەکەیتەوە؟ چۆن کارێك دەکەیت کە رووداوەکانی رابردو دووبارە نەبنەوە؟ لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە بەشێکی سەرکەوتنی رووسیا لە سووریادا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پشتیوانیی ئێرانی لەگەڵدا بوو، بەڵام لە ئێستادا پێدەچێت ئێران تمووحی بەرفراوانتری هەبێت لە سووریا کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلیش خوازیاری نین، ئەگەر کەسانێکیش پێیان وابێت رووسیا سنوورێك بۆ تمووحەکانی ئێران لە سووریا دادەنێت، ئەوا پێناچێت رووسیا ئەم کارە بکات.

*** کەواتە پێت وایە جیاوازییەکی ستراتیژی و گرنگ هەیە لە نێوان رووسیا و ئێران لەبارەی سووریاوە؟**

- بەڵێ، گەورەترین جیاوازی ئەوەیە کە رووسیا پەیوەندییەکی زۆر باشی هەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەڵام ئاشکرایە ئێران ئەم پەیوەندییەی نییە لەگەڵ ئیسرائیلدا، کەواتە ئامانجی سەرەکیی رووسیا لە سووریادا بەرگریکردنە لە حکومەتەی ئەسەد، لە کاتێکدا هەمیشە سووریا بۆ ئێران ئامرازێك بووە بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیکە کە بریتی بووە لە هاوکاریکردنی حزبولا لە لوبنان و گرتنەبەری ئەجێندایەکی ئەنتی ئیسرائیلی و بگرە دژ بە وڵاتە عەرەبییە موحافیزکارەکانی کەنداو، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە لە بەرژەوەندیی رووسیا نییە، واتە رووسیا نایەوێت هێرش بکرێتە سەر ئیسرائیل، یان وڵاتانی دیکەی عەرەب، چونکە رووسیا بەرژەوەندیی بازرگانی هەیە لەگەڵیاندا. هەروەها پێدەچێت رووسیا و ئێران ململانێیان هەبێت لەسەر بەدەستهێنانی گرێبەستەکانی ئاوەدانکردنەوەی سووریا، کە ئێمە دەزانین بەم دواییە ئەسەد سەردانی تارانی کرد و پێدەچێت رووسیا پێشبینی ئەمەی نەکردبێت و بەڵکو ئەمە مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ رووسیا. کەواتە دەردەکەوێت کە ئەسەد زۆر ژیرانە هەڵسوکەوت دەکات، چونکە رووسیا و ئێران دژی یەکتر بەکار دەهێنێت، چونکە ئەو نایەوێت تەنها یەك پشتیوانی دەرەکی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بواری کارکردنی سنووردار دەکات و بوونی دوو هێزی دەرەکی و پشتیوان، ئازادیی زیاتری کارکردنی پێ دەدات.

*** کەواتە ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن ناکۆکی لە نێوان رووسیا و ئێراندا دروست ببێت لە پەیوەندی بە پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویيان لە سووریا؟**

- ئەمە ئەگەری روودانی هەیە، چونکە وتەیەك هەیە دەڵێت: کاتێك ئامانجی هاوپەیمانێتییەك کۆتایی پێ دێت، ئەوا خودی هاوپەیمانێتییەکەش کۆتایی دێت. کەواتە ئەگەر ترەمپ بڕیارەکەی بۆ کشانەوە لە سووریا جێبەجێ بکات، ئەوا جیاوازییەکانی ئێران و رووسیا زەق دەبنەوە. کەواتە ئەمە ئەگەرێکی راستەقینەیە کە رووبدات، ئەگەرچی شتێکی حەتمیش نییە.

**ئەگەرچی دەستێوەردانی رووسیا لە سووریادا سەرکەوتوو بووە، بەڵام پێناچێت رووسیا بیەوێت لە رووی سەربازییەوە لە ناوچەیەکی دیکەوە تێوەبگلێت**

**ئامانجی سەرەکیی رووسیا لە سووریادا بەرگریکردنە لە حکومەتەی ئەسەد، لە کاتێکدا هەمیشە سووریا بۆ ئێران ئامرازێک بووە بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیکە کە بریتی بووە لە هاوکاریکردنی حزبولا لە لوبنان و گرتنەبەری ئەجێندایەکی ئەنتی ئیسرائیلی و بگرە دژ بە وڵاتە عەرەبییە موحافیزکارەکانی کەنداو**

**ئەسەد زۆر ژیرانە هەڵسوکەوت دەکات، چونکە رووسیا و ئێران دژی یەکتر بەکار دەهێنێت، چونکە ئەو نایەوێت تەنها یەک پشتیوانی دەرەکی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بواری کارکردنی سنووردار دەکات و بوونی دوو هێزی دەرەکی و پشتیوان، ئازادیی زیاتری کارکردنی پێ دەدات**



دیمانەی تایبەت

## نەدیم شەهادی

بەڕێوبەری جێبەجێکاری زانکۆی لوبنانی-ئەمریکی لە نیویۆرک بۆ گوڵان:

# سووریا سوودمەندی سەرەکییە لە بڕیارەکەی ترەمپ لە بارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە

نەدیم شەهادی توێژەرە لە ئەنستیتیوتی شاهانە بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی (چەتەم هاووس)، لە ئێستادا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری زانکۆی لوبنانی-ئەمریکییە لە نیویۆرک، پێشتر بەڕێوەبەری سکوڵی فلێتچەر بۆ یاسا و دیپلۆماسیەت بووە لە زانکۆی توفتس، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی لوبنانی بووە لە کۆلێژی سانت ئەنتۆنی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بڕیاری ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بۆ ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە.



*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی دوای بڕیاری ئیدارەکەی سەرۆك ترەمپ بۆ ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە؟**

- بە تێڕوانینی من گەورەترین براوەی ئەم دۆخە بریتییە لە حکومەتی سووریا، بریتییە لە بەشار ئەل ئەسەد، چونکە ئێمە دەزانین پێشتر ئیسرائیل ئەم بەرزاییانەی کۆنترۆڵ کردبوو و کردبوونیە بەشێك لە خاکی خۆی، ئەگەرچی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر ئەم بەرزاییانەدا دانپێدانراو نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەم بڕیارەی ئەمریکاوە دووبارە سووریا دەتوانێت ئەم پرسە بورووژێنێتەوە و سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان بخاتە هەڵوێستێکی دژوارەوە، چونکە ناچارن کە پشتیوانی لێبکەن. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بە هەڵسەنگاندنی من گەورەترین براوەی ئەم بڕیارە بەشار ئەسەدە.

*** بەڵام لە کاتی واژۆکردنی بڕیارەکەدا سەرۆك ترەمپ ئاماژەی بەوە کرد کە پاساوی ئەم بڕیارە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی هەڵکشاوی ئێران لە وڵاتی سووریادا،**

**پاساوی بوون و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریا بریتییە لە بانگەشەی پاراستنی دەسەڵاتەکەی ئەسەد -لەبەر ئەوەی سووریا بە بەشێک لە میحوەری مقاوەمە دەزانن**

**بڕیاری پەیوەست بە بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئەمریکاوە زۆر خراپترە لە بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس**

**ئێران دەستڕۆیشتوویی هەیە لە یەمەن و بەحرەین و عێراق و سووریا و لوبنان و ئێمە دەزانین سوپای پاسداران میلیشای هاوپەیمانی لە سەرجەم ئەم وڵاتانەدا هەیە**

**خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم لێدوانە چییە؟**

- بە بۆچوونی من ئەمە بەرەنگاربوونەوەی ئێران نییە، بەڵکو ئەمە بەخشینی ڕەوایەتیی زیاترە بە بوون و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا، هەروەها ئێمە دەزانین پاساوی بوون و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریا بریتییە لە بانگەشەی پاراستنی دەسەڵاتەکەی ئەسەد -لەبەر ئەوەی هەروەك خۆیان وەسفی دەکەن- سووریا بەشێکە لە میحوەری مقاوەمە، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە ئەم بڕیارەی ترەمپ — بۆ ناساندنی سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە- ڕەوایەتیی زیاتر دەدات بەم میحوەرەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن و هەموو ئەو وڵاتانەی دیکەش کە وا دەردەکەوێت لە ریزی ئەمریکادان، دەکەونە هەڵوێستێکی پڕ لە ئیحراجییەوە، بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبی و کەنداو کە بەرهەڵستی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکەن، لەبەر ئەوەی ناتوانن پشتیوانی لە سیاسەت و هەڵوێستێکی لەم شێوەیە بکەن.

*** بەڵام پێت وانییە ئەم وڵاتە عەرەبییانە هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت لە ئاست ئەم بڕیارەدا؟**

- نەخێر، ئەوان ناتوانن کاردانەوەیان هەبێت و بگرە بژارەی ئەوەیان نییە کە کاردانەوەیان هەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئەم بڕیارەش بە چەشنی بڕیاری پەیوەست بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس تێدەپەڕێت، ئەگەرچی دەکرا ئەم بڕیارە بە چەشنێك جێبەجێ بکرایە کە سوودی هەموو لایەکی تێدابێت، بەڵام بینیمان کە بەو شێوەیە جێبەجێ نەکرا. بە تێڕوانینی من بڕیاری پەیوەست بە بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئەمریکاوە زۆر خراپترە لە بڕیاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس.

*** ئێوە ئەمە بە بڕیارێکی خراپتر لە بڕیاری پەیوەست بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس وەسف دەکەن، کەواتە لە ڕوانگەی ئێوەوە دەرئەنجامە دوورمەوداکانی ئەم بڕیارە چی دەبن؟**

- من پێم وایە لە مەودای دووردا دەبێتەهۆی لاوازکردنی ڕۆڵی ئەمریکا وەك میانگیرێك لە ناوچەکەدا، ئەگەری ئەوەشی هەیە پتر بە سوودی ڕووسیا تەواو ببێت و ببێتەهۆی ئەوەی ڕووسیا ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویی زیاتری هەبێت. هەروەها لە داهاتوودا ئەگەر چارەسەرێك هاتەئاراوە کە پەیوەست بێت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە، ئەوا دووپاتی دەکەمەوە لەم حاڵەتەدا ئەمریکا لە پێگەیەکدا نابێت کە وەك میانگیرێکی بێلایەن لێی بڕوانرێت. لە هەمان کاتدا ئەو بۆشاییەی دروست دەبێتەوە لەلایەن ڕووسیاوە پڕ دەکرێتەوە.

*** ئەی لە دەرئەنجامی ئەم بڕیارەدا پێشبینی هەڵکشانی بارگرژی و بگرە ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری ئێران و ئیسرائیل ناکەیت؟**

- من ناڵێم دەبێتە هۆی هەڵکشانی بارگرژییەکان، چونکە حاڵی حازر بارگرژی لەنێوان ئیسرائیل و ئێراندا هەیە و ئیسرائیلیش بەردەوام گورز لە ئامانجەکانی ئێران لە سووریا دەسرەوێنێت و ئێمەش دەزانین کە ئێران کاردانەوەی نییە و گورزی تۆڵەسەندنەوەی نییە لە بەرامبەردا. بەڵام هەرچۆنێك بێت، من پێم وایە دەبێتەهۆی پێدانی شەرعییەتی زیاتر بە بانگەشەی ئێران و سووریا و حزبولڵا بۆ شەڕکردن لە بەرزاییەکانی جۆلاندا. کەواتە لە ئێستادا ئێران پاساوێکی بەهێزتری هەیە بۆ ئەوەی بوون و ئامادەیی هەبێت لەسەر ئەو سنوورانە.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، ئێمە دەزانین کە سەرەڕای سەپاندنی سزای سەختی ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا کەمی نەکردووە، ئەگەر زیادی نەکردبێت، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئاشکرایە ئێران دەستڕۆیشتوویی هەیە لە یەمەن و بەحرەین و عێراق و سووریا و لوبنان و ئێمە دەزانین سوپای پاسداران میلیشای هاوپەیمانی لە سەرجەم ئەم وڵاتانەدا هەیە. هەروەها بوون و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم وڵاتانەدا دوو لایەن یان دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە لایەنی سەربازییەوە، ئەوی دیکەشیان پەیوەندیدارە بە لایەنی سیاسییەوە، مەبەستم پاساوی سیاسیی بوونی

ئێرانە لەو وڵاتانەدا، لەم روانگەیەوە پێم وایە بڕیارەکەی ترەمپ لە بارەی بەرزاییەکانی جۆلان، پاساوی سیاسیی بۆ بوونی ئێران لەم وڵاتانەدا بەهێزتر دەکات، واتە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی بانگەشەی ئێران، کە پەیوەستە بە دروستکردنەوەی میحوەری مقاوەمەوە، کە ئێمە دەزانین ئێران ئەمەی کردۆتە پاساوی دەستتێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا.

*** پەرەسەندنێکی دیکەی ئەم ناوچەیە پەیوەستە بە جاڕدانی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی داعش و تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە، بەلای کەمەوە لە رووی سەربازییەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا من زۆر نیگەرانم لە دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە تەواوی ئەم ناوچەیەدا، چونکە راستە هەموو لایەك خوازیاری تێکشکاندنی داعش بوون، بەڵام شێوازی هێرشکردنەسەر شارەکان و وێرانکردنی ئەو شارانە، بۆتە هۆی ئەوەی دۆڕاوی سەرەکی لەو نێوەندەدا پێکهاتەی عەرەب بێت، هەروەها هاوپەیمانی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشانەش پێکهاتەی کورد بووە، کە پێم وایە ئەمەش دەرئەنجامی درێژخایەنی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب. چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد، هەموو لایەك خوازیاری تێکشکاندن و کۆتایی پێکهێنانی داعش بوون، بەڵام هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەوەی رەققە و موسڵ و رومادی بە تەواوەتی تێکبشکێنرێن. کەواتە هیچ پێویستی نەدەکرد، ئەم شارانە بە تەواوەتی وێران بکرێن، چونکە سەرجەم دانیشتووانی ئەو شارانە ئەندامی داعش نەبوون، واتە لە هەندێ حاڵەتدا ژمارەی چەکدارانی داعش چەند سەت کەسێك دەبوو و هەندێ جاریش چەند هەزار کەسێك دەبوون، بەڵام بە دەیان هەزار خەڵکی دیکە هەبوون لەو شارانەدا کە ئەندامی داعش نەبوون. پێم وایە هەرچۆنێك بێت، داعش کۆتایی دێت، بەڵام پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە بە شێوەیەك ئیدارەی بارگرژیی نێوان کورد و عەرەب بکرێت کە ئاڵوزتر و خراپتر نەبێت.

*** بەڵام پێت وانییە ئێستاش هەمان ئەو هەلومەرجە لە ئارادایە کە هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گرووپانە؟**

- بەڵێ، دواتر دەبێت ئێمە ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئایدیای توندڕەوی رەهەندێکی جیهانی هەیە و تەنیا پەیوەست نییە بە شارۆچکە، یان گوندێکی دیاریکراوەوە، چونکە ئێمە بینیمان تەشەنەی کرد بۆ ئاسیا و بۆ ئەوروپا، لەم روانگەیەوە دەڵێم هێشتا ئێمە دوورین لە تێکشکاندنی ئەم ئایدیایە و هێشتا دوورین لە راگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر ئەو بیرۆکەیەی داعش بەرجەستەی دەکرد —ئیدی هەرچییەك بێت-، چونکە ئێمە دەزانین چەندین گرووپ- لە مالی و ئەندەنوسیا و تەنانەت لە فیلیپین- بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەشێکن لە داعش- هەرچەندە من هێندە شارەزاییم نییە بۆ ئەوەی ئەمە پشتڕاست بکەمەوە-، واتە من دڵنیا نیم لەوەی ئایا ئەوان تەنیا شوێنکەوتەی بیرۆکەی داعشن، یان وەك دامەزراوە بەشێکن لەم ڕێکخراوە. هەرچۆنێك بێت، کاتێك تۆ شارێك وێران دەکەیت و وەك ئەندامێکی داعش مامەڵە لەگەڵ یەکە بە یەکەی دانیشتووانەکەیدا دەکەیت، ئەوا ئەمە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی خۆی دەبێت.

*** پەرەسەندنێکی دیکەی ئەم ناوچەیە پەیوەستە بە سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا، وەك جەزائیر و سودان، بەتایبەتی داواکاریی خۆپیشاندەران لە چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە گۆڕاوە بۆ داواکاریی سیاسی وەك گۆڕینی رژێمەکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ئێستادا بەهارێکی دیکەی عەرەبی روودەداتەوە؟**

- نەخێر، من پێم وایە ئەمە هەر هەمان بەهاری عەرەبی پێشووە، چونکە ئەم رووداوانە تەنیا لە ساڵێك، یان هەفتەیەکدا روونادەن، بەڵکو کاتێکی زۆریان دەوێت، هەروەها دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە رۆژگاری دەسەڵاتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکان کە ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵە حوکمڕانی دەکەن، کۆتایی هاتووە. من پێم وایە رووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەو تەلیسمەی شکاند کە ئەم رژێمانە بۆ هەتا هەتایە لە دەسەڵاتدا دەبن.

راستە هەموو لایەك خوازیاری تێکشکاندنی داعش بوون، بەڵام شێوازی هێرشکردنەسەر شارەکان و وێرانکردنی ئەو شارانە، بۆتە هۆی ئەوەی دۆڕاوی سەرەکی لەو نێوەندەدا پێکهاتەی عەرەب بێت

هەرچۆنێك بێت، داعش کۆتایی دێت، بەڵام پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە بە شێوەیەك ئیدارەی بارگرژیی نێوان کورد و عەرەب بکرێت کە ئاڵوزتر و خراپتر نەبێت

رۆژگاری دەسەڵاتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکان کە ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵە حوکمڕانی دەکەن، کۆتایی هاتووە

# بە راستی عەیبەیەکی گەورەیە زانکۆکانمان هێزێک دەرچوێنن کە لەگەڵ بازاڕی کاردا نەگونجێت



فەیسەڵ دەباغ
بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەرێمی کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکە، بەڵام شۆڕشێکی عەسکەرتاری نا، بەڵکو شۆڕشێك لە خوێندن کە دەرهاویشتەکانی زۆر خراپن، ئەو دەرهاویشتەیەی کە بە کۆڵەکەی پەرەپێدانی نەتەوەکان دادەنرێ، هەروا بە رووی سێیەمی ئابووری. سنگافورە کاتێ ویستی پێش بکەوێ، سوپاکەی هەڵوەشاندەوە و دەرماڵەکانی بۆ خوێندن خەرج کرد. من داوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای خۆمان ناکەم، بەتایبەتی لە دۆخێکی وادا، بەڵام داوا لە شارەزایانی خوێندن دەکەم و هەروەها ئەوانەی سەرپەرشتیی دەکەن، پێداچوونەوە بە سیستەمی خوێندن بکەن و بیگەڕێننەوە بۆ دۆخی جارانی، کە خوێندن، خوێندن بوو، بڕوانامەش بڕوانامە بوو. بە راستی عەیبەیەکی گەورەیە زانکۆکانمان هێزێك دەرچوێنن کە لەگەڵ بازاڕی کاردا نەگونجێت. لەو هەرێمەی ئێمەدا تەرکیز لەسەر سیستەمێك دەکرێ کە هیچ پەیوەندی بە خواستی بازاڕی کارەوە نییە، قوتابی ١٦ ساڵ دەخوێنێ، بەڵام لە کۆتاییدا خۆی لەسەر شۆستەی بێکاری دەبینێتەوە، سیستەمەکانمان لەگەڵ روحییەتی سەردەمدا ناگونجێن، چ سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی بێت، یان هۆیەکانی نوێی تەکنیك، لە زانکۆکانماندا دەڵێن، کاری ئێمە فێرکردنە، نەك دەرچواندنی قوتابی بەپێی بازاڕی کار، تا رادەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوبیرم، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە زانکۆکانمان ئەو ژمارە زۆرە لە بەشە نەزەرییەکان قبوولْ بکەن، کە دەرچوانیان بەپێی پسپۆڕییان کاریان بەدەست ناکەوێ، بۆ نموونە: ئەگەر بتەوێ لە کۆمپانیایەك کار بکەی، داواکارییەك بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکەی، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی دەرچووانی زانکۆکان سەریان لە زمانی ئینگلیزی دەرناچێ، بۆیە ئەو دەرچووانە واهەست دەکەن کە ماوەی خوێندنیان وەك ئەوە وایە بەند بن و بە کاری قورس سزا درابن، قوتابی خەون بە داهاتووەوە دەبینێ، بەڵام پاش دەرچوونی ئەو خەونەی رووبەڕووی واقیعێکی تاڵ دەبێتەوە و لە خۆی دەپرسێ چۆن ئەو هەموو ساڵەی بەفیڕۆ دا، تا خۆی لەسەر شۆستەی بێکاری ببینێتەوە.

دوو جۆر زانست هەیە، زانستێك هەڵدەگیرێ و زانستێك بەکار دەهێنرێ، بۆیە کەمێك لەو زانستەی کە بەکار دێت، زۆر باشترە لەو زانستەی کە هەڵدەگیرێ، ئەگەر زانکۆکانمان کاریان بەو قسەیە بکردایە، زۆربەی دەرچووان خۆیان لەسەر شۆستەکانی بێکاری نەدەبینییەوە. بەداخەوە سامانی مرۆیی لەو هەرێمەی ئێمەدا سوودی لێ وەرناگیرێ، لە کاتێکدا ئەو سامانە لە نەوت و کانزا گرانبەهاکان گرنگترە، ئەرکی زانکۆکانە مرۆڤ بکەنە سامانێکی سرووشتی کە بتوانێ پارە پەیدا بکات، چ لە ناوەوە، یان لە دەرەوەی هەرێم بێت.

# بێ توانایی دیموکراسی

بێ توانایی دیموکراسی لەو کاتەدا دێتەدی، کە سرووشتێکی نادیموکراسی لەنێو کۆمەڵگەدا بوونی دەبێت، بۆ بەرەو بە دیموکراسی نەبوون، لەبەر مەترسی لە دەستدانی کۆنترۆڵی سیاسی و بە دەستهاتەکانیان خۆی لە ئامادەنەبوونی توێژە دەسەڵاتدارەکاندا دەبینێتەوە.

دیموکراسییەت لە تێگەیشتنە سیاسییەکانی تازەدا دوو جۆری هەیە: دیموکراسییەتی بەناو کە بە هەڵبژاردنێکی ژێر کۆنترۆڵی توێژە دسەڵاتدارەکان دەبێت، دوور لە رۆشنبیرییەکی سیاسی کە وا بکات هاووڵاتییان لە پرەنسیپەکانی گەمەی سیاسی تێبگەن، لەم جۆرە دیموکراسییەتەدا، دیاردەکانی سیستەمی دیموکراسی دەبینرێت، بەڵام لە گۆشەیەکی تەسکدا، لەم جۆرە دیموکراسییەتەدا، قووڵاییەکی زۆر هەیە، مایەی تێگەیشتنی تیۆری بۆ دیموکراسییەت، جێبەجێکردنی راستەقینەی دیموکراسییەتە.


جۆری دووەمی دیموکراسییەت بریتییە لە دیموکراسییەتی پێگەیشتووی راستەقینە، ئەمەش لە راستیدا بەو شێوەیە یوتوبیایە نییە، چونکە رێگرییەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتداریی ئابووری لە پرۆسەی دیموکراسی و پلەی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، یان جۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ مافی هاووڵاتیان، جگە لە مافە مەدەنییەکان و بەشداریی سیاسی و ململانێی سیاسی، وادەکەن توێژە دەسەڵاتدارەکەی و بەژەوەندیی تایبەتی رۆڵ ببینن.

هەر چۆنێك بێت، لە هەر دوو جۆری دیموکراسییەت، گۆڕانکارییەکان بەرەو دیموکراسییەت لە کاتێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا دەبنە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی دیموکراسییەت.

پەیوەندییەکی دیالکتیکی هەیە، لەنێوان ململانێیەکان و دیموکراسییەت، هەروەها گەشەپێدان و دیموکراسییەت و جۆری پێکهاتەی ئاڵۆزی کۆمەڵگە لە رووی نەتەوەیی و ئایینی و پەیوەندییەکانی خێزانی و خێڵگەری و کڕیار و فرۆشیاری سیاسی، ئەمانە هەموو وادەکەن دیاردەی بێتوانایی دیموکراسی لە رووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردنی تەگەرەکان و (صدمە)ەکانی پەیوەست بە سامان و ئابووری و ململانێ و دەستێوەردانی دەرەکی بێتەکایەوە، کە دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت (صفقە)یەکی سیاسی دەکرێتە مایەی خۆشگوزەرانیی ئابووری و ئازادیی سیاسی و پەیوەندییان بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسیی کۆمەڵگە.

ئەوەی زۆر گرنگە لە چارەسەرکردنی بێ توانایی دیموکراسی، چاکسازیی دامەزراوەیی و رۆڵی چینی مامناوەند و کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مانای چاکسازیی سیاسی دامەزراوەیی بۆ گۆڕانکاری دامەزراوەیی زیاتر کراوە بۆ لێپرسینەوە، هەروەها بنیاتنانی دامەزراوەکان بە شێوەیەك کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی دیموکراسیەت هەبێت، هاوکات پەنابردن بۆ یاساکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن، کە نوێنەرایەتی یەکسانی و راستەقینە دەرئەنجامی بێ، کارکردن بۆ سەربەخۆیی راستەقینەی دەسەڵاتی دادوەری، بوونی دامەزراوەکانی لێهاتوو بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسەتەکانی ئابووری و بازاڕ، بنیاتنانی دامەزراوەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەبنە بنەمایەکی دامەزراوەیی. لە هەمانکاتدا عەقڵییەتی دامەزراوەکانی ئەمنی و سەربازی، داهاتی کەسی و نەتەوەیی دەبێت حیسابیان بۆ بکرێت.

لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە حاڵەتێکی ئۆتۆکراتی بەرەو دیموکراسی پەیدا دەبێت و چارەسەری دیاردەی بێ توانایی دیموکراسی دەبێت.



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**



عەبدوڵا ئەحمەد عەبدولڕەحیم

سەرپەرشتیاری لێژنەی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێری:

# ئەمساڵ نزیکەی ١٥ پێشانگا دەکرێتەوە و ئەمەش نیشانەی بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە

**لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا زیاتر لە ٢٤٠ هەزار گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە ٧٣٪ی لە خوارووی عێراق و ١٦٪ی لە ئێران و ٦٪ی لە تورکیاو ٥٪ی لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون، بەمەش کەرتی گەشتوگوزاری بەراورد بە ساڵی رابردوو بە رێژەی ٤٪ رووی لە بووژانەوە کردووە، لەلایەکی دیکەوە زۆربوونی ژمارەی گوندە گەشتیارییەکان و هۆتێل و مۆتێل و ریستورانت و کافتریا گەشتیارییەکان نیشانەیەکی گرنگە بۆ هەوڵەکانی گەشەکردنی کەرتی گەشتوگوزار، لە ئەمساڵیشدا پێشانگایەکی نێودەوڵەتیی گەشتوگوزار لە هەولێر کرایەوە، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی کەرتی گەشتوگوزار و راکێشانی گەورە کۆمپانیا گەشتیارییەکانی جیهان چەند پرسیارێکمان لە (عەبدوڵا ئەحمەد عەبدولرەحیم) سەرپەرشتیاری لیژنەی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر کرد.**

*** لە ئەمساڵدا حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی زۆر بە کەرتی گەشتوگوزار دەدەن و تەنانەت پاڵپشتی و هەماهەنگییەکی باش لە نێوانیاندا هەیە، بیرۆکەی بووژانەوەی ئەم کەرتە و هاندانی راکێشانی گەشتیاران بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- کردنەوەی یەکەمین پێشانگای گەشتوگوزار لە هەولێر و دواتر کردنەوەی پێشانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەشتوگوزاری لە هەولێر و پێشانگایەکی دیکەی گەشتیاری لە بەغدا، گرنگیی خۆیان هەیە. هەڵبەتە گرنگیدان بە کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بەرنامەیەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە دەیەوێت کەرتی گەشتوگوزاری لە کوردستان بکاتە یەکێك لەسەرچاوەکانی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هەزارەها گەنج و بەگەڕخستنی کاری سەدان هۆتێل و مۆتێل و ریستۆرانت و کافتریای گەشتیاری، لەم روانگەیەوە جەنابی سەرۆکی حکومەت بە ئامادەبوونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار پێشانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەشتوگوزاری کردەوە و جەختی لەسەر گرنگیی کەرتی گەشتوگوزار کردەوە و ئامادەیی خۆیشی دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی هەموو کارئاسانی و هاوکارییەکی کۆمپانیا گەشتیارییەکان. ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت گرنگییەکی زۆری بۆ ئابووریی کوردستان هەیە، بەتایبەتی لەدوای قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و داخستنی سنوورەکانی کوردستان کە زیانێکی گەورەی گەیاندە کەرتەکە و سەدان کۆمپانیا و هۆتێل و میوانخانە زیانیان بەرکەوت، هەڵبەتە کردنەوەی پێشانگا تەنیا بۆ بەشداریکردنی دەیان کۆمپانیای گەشتیاری نییە، بەڵکو بۆ راکێشانی گەشتیارە، بۆ نموونە ئەگەر لەم پێشانگایەدا کە زیاتر لە ٢٠٠ کۆمپانیای بیانی بەشدار بوون و هەریەکەیان ٣ کەسی هێنابێت، واتا هێنانی ٦٠٠ میوان و چەند لە کوردستان

**گرنگیدان بە کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بەرنامەیەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە دەیەوێت کەرتی گەشتوگوزاری لە کوردستان بکاتە یەکێک لەسەرچاوەکانی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هەزاران گەنج**

**وڵاتێکی وەکو ئیمارات ژینگەی جوانی وەکو کوردستان نییە، کەچی توانیویەتی کارێک بکات ساڵانە ٢٥ ملیۆن کەس سەردانی ئەو وڵاتە بکەن**

**پێویستە حکومەت بە تەنیا پشت یەک سەرچاوەی داهات نەبەستێت، پشتبەستن بە سەرچاوەی فرۆشتنی نەوتی خاو کە نرخی بەرمیلێک نەوت جێگیر نییە، قەیران دروست دەکات**

**ئومێدەوارین لەداهاتوودا وەزارەتی گەشتوگوزار لەناو پێشانگاکاندا گرێبەست و ڕێککەوتن لەگەڵ گەورە کۆمپانیا بیانییەکان واژۆ بکات و پەیوەندی نێوانیان توندوتۆڵتر بێت**

**تەنیا لە مانگی ئاداری ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران بۆ سەرووی ٣٠٠ هەزار گەشتیار بەرز بووەتەوە**

بمێنێتەوە ئەوەندە خەڵکی کاسب و تەکسی و هۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان سوودمەند دەبن و جموجووڵێکی ئابووری لە بازاڕ دروست دەبێت. وڵاتێکی وەکو ئیمارات ژینگەی جوانی وەکو کوردستان نییە، کەچی توانیویەتی کارێك بکات ساڵانە ٢٥ ملیۆن کەس سەردانی ئەو وڵاتە بکەن، ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە، هەڵبەتە بیرۆکەی بایەخدان بە کەرتی گەشتوگوزاری تەنیا بۆ بەگەڕخستنی بازاڕ و دۆزینەوەی هەلی کار و تێکەڵبوونی کولتووری لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان نییە، بەڵکو بۆ ئەو ستراتیژیەتە دەگەڕێتەوە کە پێویستە حکومەت بە تەنیا پشت یەك سەرچاوەی داهات نەبەستێت، پشتبەستن بە سەرچاوەی فرۆشتنی نەوتی خاو کە نرخی بەرمیلێك نەوت جێگیر نییە، قەیران دروست دەکات. بەتایبەتی دوای ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوودا نرخی بەرمیلێك نەوت لە ٨٠ دۆلارەوە بۆ کەمتر لە ٢٨ دۆلار هاتە خوارەوەو هۆکارێکی گەورەی کەوتنەوەی قەیرانی دارایی ساڵانی٢٠١٦ بۆ ٢٠١٨ بوو، عێراقیش بەهەمان شێوە لەم چوار ساڵەی کابینەی نوێی حکومەت زیاتر گرنگی بە کەرتی گەشتوگوزاری دەدات، بەتایبەتی هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە لە وڵاتانی دەرەوە گەشتیار بهێنێتە ناوخۆی وڵات و پشتبەستنی بە ڕێژەی لە ٩٠٪ بە داهاتی نەوت کەم بکاتەوە، ئەم حاڵەتە وایکرد هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بیر لەسەرچاوەی نوێی داهات بکەنەوە و ئەمەش ببێتە هاوکار بۆ دابینکردنی دەرامەت و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکە، بەتایبەتی لە هەرسێ کەرتی گەشتوگوزار و کشتوکاڵ و پیشەسازی. ئەوەی سەرنجی منی راکێشا لە پێشانگاکەدا بوونی ١٠ کۆمپانیای وڵاتانی عەرەبی بوو، وەکو وڵاتانی کەنداو و میسر و لوبنان و تونس ئەمە جگە لە کۆمپانیاکانی تورکیا و ئێران و ئەرمینیا و. هتد، هەموو ئەو وڵاتانەش لە بواری گەشتیاری خاوەنی ئەزموونێکی زۆر پێشکەوتوون، دەتوانین سوود لەو کۆمپانیانە وەربگرین، لە پەراوێزی پێشانگاکەشدا چەندین گرێبەست و ڕێککەوتن لەنێوان کۆمپانیا گەشتیارییەکان و شوێنە گەشتیارییەکان واژۆ کراوە، ئومێدەواریشین لەداهاتوودا وەزارەتی گەشتوگوزار لەناو پێشانگاکاندا گرێبەست و ڕێککەوتن لەگەڵ گەورە کۆمپانیا بیانییەکان واژۆ بکات و پەیوەندی نێوانیان توندوتۆڵتر بێت.

*** لە پێشانگاکەدا ژمارەیەکی زۆری گەورە کۆمپانیا گەشتیارییەکانی ناوخۆو بیانی بەشدار بوون، ئێوەش لە نزیکەوە دیدار و گفتوگۆتان لەگەڵیاندا کرد، ئایا تاچەند کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی ژێرخانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان رازین؟**

- گەشتوگوزار وەکو سەرجەم کەرتەکانی دیکە بێ کەموکورتی نییە، راستە هەرێمی کوردستان خاوەنی ژینگەیەکی لەباری گەشتیاریی بەهارە و هاوینە و زستانەیە، ئەمە وێڕای گەشتیاریی شوێنەوار و ئایینی و تەندروستی و خوێندن و ئەو گرنگیدانە جددییەی کە بە بووژانەوەی گەشتوگوزار دەدرێت، بەڵام هێشتا بواری بەرزکردنەوەی ئاستی گەشتوگوزارو گەشتیاری پێویستی بەکاری زیاتر هەیە، هەوڵەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و یەکە ئیدارییەکان جێگای ڕێز و پێزانینە و هۆکارێکیش بووە بۆ زیادبوونی شوێنە گەشتیارییەکان و بەرزبوونەوەی ژمارەی هۆتێل و مۆتێل و گوندە گەشتیارییەکان و ریستۆرانت و کافتریاکان، بەڵام ڕێگاوبان و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان ئەدای کارمەندانی گەشتیاریی هێشتا هەنگاوی زیاتری پێویستە، بەتایبەتی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران کە تەنیا لە مانگی ئاداری ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران بۆ سەرووی ٣٠٠ هەزار گەشتیار بەرز بووەتەوە، لەهەموو دیدارو گفتوگۆکانماندا کە لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی کۆمپانیا گەشتیارییەکان ئەنجامماندا، باسی ئەو کەموکورتییە زۆرانە کراوە کە لەناو کەرتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین و لە عێراقیشدا لە ناوەڕاست تا خوارووی سنوورەکانی بە هەزاران شوێنی گەشتیاریی جوان و شوێنەوارمان هەیە کە هیچ بایەخی پێ نەدراوە، پێویستە بوار بە

وەبەرهێنەکان و گەورە کۆمپانیاکان بدرێت ئەو شوێنە گەشتیارییانە ببوژێننەوە، نەك وەکو ئێستا بە شێوەیەکی زۆر کلاسیکی بەڕێوەدەچن و لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشن.

*** باسی کەرتی تایبەتت کرد لە بواری گەشتیاری، ئایا ئەو کەرتە حزووری هەیە بۆ بووژانەوەی شوێنە گەشتیارییەکان و ئایا تا چەند کەرتی تایبەت دەتوانێت سوود لەکەرتی تایبەتی عێراقی و نێودەوڵەتی وەربگرێت و پێکەوە ئەم کارە لە ئەستۆ بگرن؟**

- دنیا بەرەو کەرتی تایبەت و ئابووریی بازاڕ دەڕوات، کەرتی گەشتوگوزاری و گەشتیارییش یەکێکە لەو بوارانەی کە حکومەت تەنیا دەتوانێت ڕۆڵی چاودێری و بەدواداچوون بگێڕێت تێیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت یارمەتی خەڵك و کەرتی تایبەت بدات بۆ دروستکردنی شوێنەکانی گەشتوگوزاری و کەرتی تایبەت، ئەگەر ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە لەنێوان حکومەت و کەرتی تایبەت هەبێت، بە قەناعەتی من لە یەك دوو ساڵی داهاتوودا کەرتی گەشتوگوزار زۆر پێش دەکەوێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ پاڵپشتی ڕەسوماتەکانی خزمەتگوزارییەکانە بەتایبەتی لەو وەرزانەی کە گەشتیاری تێدا کەمە وەکو وەرزی زستان.

*** یەکێك لە کێشەکانی بەردەم کەرتی گەشتوگوزار پشت بەستنە زیاتر بەو گەشتیارانەی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا دێن، ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی گەشتیارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- بێگومان دەبێت زیاتر ڕوو لە هاندانی گەشتیارانی بیانی بکەینەوە، چۆن گرووپەکانی گەشتیاریی ئێمە دەچنە دوبەی و تورکیاو ئەزربایجان و لوبنان و میسر و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بە هەمان شێوە گرووپە گەشتیارەکانی ئەو وڵاتانە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەم خاڵە لە پەراوێزی پێشانگای گەشتیاری باس کراوە. ڕاستە لە هەرێمی کوردستان زۆر کۆمپانیا هەن کە لەبواری گەشتوگوزاری کار دەکەن و ئارامی و ئاسایشی کوردستان سەقامگیرە و خەڵکی کوردستان مرۆڤ دۆستە و گەلێکی ئاشتیخوازە، بەڵام خۆ دەبێت کارەکانی گەورە کۆمپانیاکانی گەشتیاری و ئەو خەڵکەی لە هۆتێل و مۆتێل و میوانخانەکان کار دەکەن، لە ئاست کوالێتیی کەرتی گەشتیاری جیهانیدا بێت. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی پێشانگاکەدا داوای لە وەبەرهێنەران کرد، بێنە هەرێمی کوردستان و سەرمایەگوزاری لە کەرتی گەشتوگوزاری بکەن و دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا پەیوەندارەکانی گەشتیاریش ئامادەیی پێشکەشکردنی ئاسانکارییان هەیە، لە ڕێگەی گۆڤارەکەشتانەوە داوا لە بەرپرسانی حکوومی بەتایبەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کە سەردانی پێشانگاکە بکەن و لە نزیکەوە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجام بدەن، هەموو کاتێکیش ئێمە دڵێین هاتنی گەورە بەرپرسانی هەرێم بۆ پێشانگاکە تەنیا گرنگیدان نییە بە پێشانگاکە، بەڵکو نیشانەی گرنگیدانە بە بووژانەوەی کەرتەکان، هەر بۆیە ئێمە لە پێشانگاکە زیاتر لە ١٠ شوێنمان بێ بەرامبەر بۆ وەزارەتەکان تەرخان کردووە.

*** بەڵام پردی پەیوەندیی نێوان کۆمپانیاکانی بیانی و کۆمپانیاکانی ناوخۆ چۆن دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیانە بە شێوەی گرووپ گەشتیاری بهێننە کوردستان؟**

- دروستکردنی پردی پەیوەندی لە ڕێگای ڕاکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی گەشتیاریی بیانی دەبێت، ناکرێت گەشتیاری بیانی بەراورد بە گەشتیاریی عێراقی و ئێرانی تەنیا بە ڕێژەی نزیکەی ٥٪ی بێت، ئەمڕۆ کەرتی گەشتوگوزاری لە جیهاندا بووەتە پرۆژەی گەورە و گرنگ، یەکێکیش لە بنەماکانی پێشکەوتنی کەرتی گەشتوگوزاری کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی جیهانە، کە لەگەڵ باشبوونی دۆخی ئابووری و دارایی کوردستان و پێدانی مووچە بێ پاشەکەوت، هەمووی نیشانەی باش و دڵخۆشکەرن بەوەی ڕەوشەکە ڕوو لە بووژانەوە بکات، ئەوەتا تا کۆتایی ئەمساڵ نزیکەی ١٥ پێشانگامان هەیە کە ئەوەش نیشانەی بووژانەوەی ئابووریە لە هەرێمی کوردستان و ساڵ لە دوای ساڵیش ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان کە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، زیاتر دەبن.

**لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین و لە عێراقیشدا لە ناوەڕاست تا خوارووی سنوورەکانی بە هەزاران شوێنی گەشتیاریی جوان و شوێنەوارمان هەیە کە هیچ بایەخی پێ نەدراوە**

**دەبێت کارەکانی گەورە کۆمپانیاکانی گەشتیاری و ئەو خەڵکەی لە هۆتێل و مۆتێل و میوانخانەکان کار دەکەن، لە ئاست کوالێتیی کەرتی گەشتیاری جیهانیدا بێت**

**هاتنی گەورە بەرپرسانی هەرێم بۆ پێشانگاکە تەنیا گرنگیدان نییە بە پێشانگاکە، بەڵکو نیشانەی گرنگیدانە بە بووژانەوەی کەرتەکان، هەر بۆیە ئێمە لە پێشانگاکە زیاتر لە ١٠ شوێنمان بێ بەرامبەر بۆ وەزارەتەکان تەرخان کردووە**

**باشبوونی دۆخی ئابووری و دارایی کوردستان و پێدانی مووچە بێ پاشەکەوت، هەمووی نیشانەی باش و دڵخۆشکەرن بەوەی ڕەوشەکە ڕوو لە بووژانەوە بکات**

مەولەوی جەبار
سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان:

# هەوڵدەدەین ئەمساڵ رێژەی گەشتیاران بگەیەنینە ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار گەشتیار

کەرتی گەشتوگوزار و راکێشانی گەشتیارانی عێراقی و بیانی بە یەکێك لەو هەنگاوانە دادەنرێت کە رۆڵی لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار و بەگەڕخستنی جموجوڵی بازاڕدا هەیە، هەوڵی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ باشکردنی کەرتی گەشتوگوزار و ئامادەکارییەکان بۆ هاتنی گەشتیاران لە وەرزی بەهارو هاوینی ئەمساڵدا، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ مەولەوی جەبار سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن.



*** زۆرجار باس لە هەنگاوەکانی حکومەت و بەرنامە و پلانەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئایا لە ئەمساڵدا پلان و پرۆژەکانتان بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا چین؟**

- بووژانەوەی کەرتی گەشتوگوزار بۆ لایەنی ئابووری و بەدەستهێنانی هەلی کارو داهات گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە، هەربۆیە بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی ناوخۆ و یەکە ئیدارییەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەهەوڵی ئەوەداین پلان و بەرنامەکانمان بۆ ئەمساڵ جێبەجێ بکەین، کە لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژیی دەستەی گەشتوگوزاردایە، ئەمەش دوای ئەوەی بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە لە هەرسێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ نەمانتوانی ئەو پلانە ستراتیژییە جێبەجێ بکەین کە لە ساڵی ٢٠١٣ دامانڕشتبوو، تەنیا ئەوە نەبێت لە ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ توانیمان ستراتیژیەتەکە بە بەرنامەیەکی ساڵانە جێبەجێی بکەین. بەشێوەیەکی گشتی پلانی ستراتیژیی دەستەی گەشتوگوزار بۆ بووژانەوەی ئەم کەرتە گرنگە دوو ئامانجی هەیە، کە بریتین لە:

١. بەرزکردنەوەی ژمارەی گەشتیاران لە ئەمساڵدا بۆ ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار گەشتیار.

٢. زیادکردنی داهاتی گەشتیاری.

بۆ ئەم مەبەستەش لەهەوڵی ئەوەداین هەم ژمارەی گەشتیاران زیاد بکەین، هەمیش رۆژانی مانەوەی گەشتیاران زیاد بکەین، ئەمەش بە پشتبەستن بە پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ هاتوچۆی گەشتیاران و پاراستنی ئارامیی

**لەهەوڵی ئەوەداین هەم ژمارەی گەشتیاران زیاد بکەین، هەمیش رۆژانی مانەوەی گەشتیاران زیاد بکەین، ئەمەش بە پشتبەستن بە پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ هاتوچۆی گەشتیاران و پاراستنی ئارامیی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت**

**بچووککردنەوەی کەرتی گەشتوگوزار بۆ یەک وەرزی ساڵ زیانێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، نەک تەنیا بۆ کەرتەکە و ئابووریی وڵات، بەڵکو بۆ شکستهێنانی خاوەن جێگا گەشتیاری و هۆتێل و ریستۆرانت و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانیش مەترسیدارە**

**ناکرێت گەشتیاری لە سێ وەرزی ساڵدا لاواز بێت و شوێنە گەشتیارییەکان قازانج نەکەن و یان دابخرێن، بەوە هەلی کاریش زیانێکی گەورەی بەر دەکەوێت**

**خەڵکی کوردستان باش دەزانن گەشتوگوزار بە پلەی یەکەم لە خزمەتی خەڵکیدایە، بەتایبەتی لە رووی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار، هەر بۆیە بە جوانی و لێبووردەییەوە پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن**

هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، لەمەشدا نابێت ئەرك و ماندووبوونی هێزەکانی ناوخۆ باس نەکەین، کە رۆڵێکی یەکجار گەورەیان لە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کوردستاندا هەیە. سەبارەت بە زیادبوونی مانەوەی رۆژەکانی گەشتیارانیش ئامانج لێی بەرزکردنەوەی داهاتە، بۆ نموونە وەکو بەراوردکارییەك ئەگەر ئێمە تەنیا لە هەوڵی زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران بین، خۆ ئەگەر ئەو ژمارەیە بگەیەنینە حەوت ملیۆن گەشتیاریش، ئەگەر تەنیا بۆ رۆژێك بمێننەوە ئەوا تەنیا حەوت ملیۆن شەو دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە ژمارەکە ٣ ملیۆن گەشتیاریش بێت، بەڵام سێ شەو بمێننەوە ئەوا ژمارەکە دەگاتە نۆ ملیۆن گەشتیار.

*** ئایا هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەتانەوێت وەرزەکانی گەشتیاری لەکوردستاندا زیاد بکەن و گەشتیاری زستانە و شوێنەوار و تەندروستی و کولتووریش زیاد بکەن؟**

- فراوانکردنی کەرتی گەشتوگوزار و هاندانی پەرەپێدانی گەشتیاریی زستانە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، چونکە بچووککردنەوەی کەرتی گەشتوگوزار بۆ یەك وەرزی ساڵ زیانێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، نەك تەنیا بۆ کەرتەکە و ئابووریی وڵات، بەڵکو بۆ شکستهێنانی خاوەن جێگا گەشتیاری و هۆتێل و ریستۆرانت و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانیش مەترسیدارە، ناکرێت گەشتیاری لە سێ وەرزی ساڵدا لاواز بێت و شوێنە گەشتیارییەکان قازانج نەکەن یان دابخرێن، بەوە هەلی کاریش زیانێکی گەورەی بەر دەکەوێت، بۆیە لە پلانی ستراتیژییەتی دەستەکەماندا هەیە کە ژمارەی گەشتیارانی زستانە زیاد بکەین، لە ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ئەم رێژەیە رووی لە هەڵکشان کردووە و لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا نەبووە ئەو ژمارە زۆرەی گەشتیاران لە وەرزی زستاندا روو لە هەرێمەکەمان بکەن، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە کە لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، وەك:

١. لە رێگای سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندن و کۆمپانیا گەشتیارەکان بازارکردنێکی زۆر بەهێز بۆ گەشتوگوزاریی هەرێم کراوە، ئەمەش وایکرد لە وەرزی زستانی ئەمساڵدا لەکاتی کەوتنەوەی بەفر لەسەر چیا بەرزەکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر گەشتیار نەك هەر لە خوارو و ناوەراستی عێراقەوە روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵکو لە وڵاتانی دەوروبەریشەوە روویان لە شوێنە گەشتیارییەکان کرد.

٢. بەرزکردنەوەی کوالیتیی شوێنە گەشتیارییەکان، هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی گەشتیارانی زستانە کە لەگەڵ ژمارەی گەشتیارانی نەورۆز ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی یەك ملیۆن گەشتیار بەرز بووەوە، هاوکات وا چاوەروان دەکرێت لە زستانی داهاتوودا ئەم ژمارەیە بۆ پێنج بەرامبەر بەرز بکەینەوە، تا بێت ژمارەکەش روو لەهەڵکشانە، بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٧ لە زستاندا ٥٠-٧٠ هەزار گەشتیارمان هەبووە و لە ٢٠١٨ بۆ ٣٠٠ هەزار گەشتیار بەرزبووەتەوە، واچاوەروان دەکرێت لە ٢٠١٩ رێژەکەی زۆر زیاتر بێت.

*** باسی زیاتر راکێشانی سەرنجی گەشتیارانت کرد، ئایا هاوڵاتییانی کوردستان کە بەوە ناسراون خاوەنی کەسایەتییەکی میواندۆست و ئاشتیخوازن، تاچەند ئەمە هاوکار بووە بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی رۆشنبیریی گەشتیاری؟**

- ئەمە خاڵێکی گرنگە، دەبێت بزانین رۆشنبیریی گەشتیاری چییە و بۆ چییە؟ ئەمەش پەیوەندی بە هەردوو لایەنی هاوڵاتیان و دامودەزگا حکوومی و لایەنە فەرمییەکانەوە هەیە، کە هەماهەنگ و هاوکارن بۆ گەشەکردن و برەودان بە کەرتی گەشتوگوزاری و ئابووریی وڵاتەکەمان، ئەم کارەش تەنیا بە دەستەی گەشتوگوزار ناکرێت و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە هاووڵاتیان و دواتر سەرجەم بوارەکانی ئاسایش و ئارامی و خزمەتگوزاری و رێگاوبان و پاراستنی ژینگەو خاوێن راگرتنی شوێنە گەشتیارییەکان و گرنگیدان بە لایەنی تەندروستی و پێشخستنی هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندنەوە هەیە، پێشوازیی جوان و بەرزراگرتنی سرووشتی رێزگرتن و رۆشنبیریی مرۆڤی کورد هاندەرە بۆ هاتنی گەشتیاران، لەلایەکی دیکەوە لە پێناو زیاتر ئاسانکاری و بەبازارکردنی گەشتیاری لە هەندێك لە خاڵە سنوورییەکان

و بازگەکاندا نووسینگە و ئۆفیسی تایبەتی گەشتیاریمان داناوە و هێڵی گەرمی تەلەفۆنمان داناوە و ڕۆڵێکی گەورەی بە بازاڕکردن و برەودان بەگەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستان دراوە. خەڵکی کوردستان باش دەزانن گەشتوگوزار بە پلەی یەکەم لە خزمەتی خەڵکیدایە، بەتایبەتی لە رووی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار، هەر بۆیە بە جوانی و لێبوردەییەوە پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن و ڕێگە نادەن کەسانێکی دیکە بە مەرامی جیاجیا زیان بەم کولتوورە جوانەی کوردستان بگەیەنن، چونکە گەشتوگوزار جگە لە رووە دارایی و سوودە ئابوورییەکانی، ڕێگایەکی گرنگیشە بۆ ناساندنی رووی جوانی کولتوور و سرووشتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان بە گەلانی جیهان و نزیکبوونەوە و تێکەڵبوونی گەلان و نەتەوەکانی جیهان.

*** ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە سەر پلانی ستراتیژیی دەستەی گەشتوگوزار، ئایا تاچەند پاڵپشتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە ستراتیژییە هەیە؟ بەتایبەتی لە کاتی ئێستادا کە قەیرانە داراییەکەی کوردستان تێپەڕ بووە؟**

- ڕۆئیایەکی گەورەو دیاریکراو لە پشت پلانی ستراتیژیی گەشتوگوزارەوە هەیە، ئێمە لە ساڵی ٢٠١٣ ئامانجمان ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٥ کوردستان بکەوێتە ناو ناوچەیەکی گەشتوگوزاریی جیهانییەوە، واتا هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهانی جێگای ببێتەوە و تا ساڵی ٢٠٢٥ بگاتە ئامانجە گەورەکە، وەکو لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێ کرد، بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە سێ ساڵ لە جێبەجێکردنی پلانەکە دواکەوتین، تەنانەت نەتوانرا ئەو قەرزە گەشتیارییەی کە لەساڵی ٢٠١٣ درا بە پرۆژە گەشتیارییەکان بەردەوام بێت، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو قەرزە بەردەوام بووایە، ئێستا خاوەنی سەدان پرۆژەی گەورەو جوانی گەشتیاری دەبووین، هەربۆیە داواکارم لەگەڵ باشبوونی دۆخی دارایی و ئابووریدا ئەو پرۆژە قەرزەی گەشتیاری بگەڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە هەر لەناو پلانە ستراتیژییەکەدا گرنگییەکی زۆر بە ناساندن و بە بازاڕکردنی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دراوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەهێزکردن و باشترکردنی کوالێتیی ناوچە گەشتیارییەکان هەم لە رووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە، هەم لە رووی بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی کارمەندانی ناوچە گەشتیارییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاریی و پاڵپشتییەکی باشمان لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی یونسکۆوە هەیە و بەرنامەی درێژخایەنمان لەم رووەوە هەیە، ئەمە وێڕای هەمووارکردنەوەی یاساو ڕێنماییەکان و باشترکردنی بوارە خزمەتگوزارییەکان و کۆمەڵێك بواری دیکە. ئێمە دەمانەوێت وڵاتێك بین تەنیا پشت بەداهاتی نەوت نەبەستین و کار بۆ کۆمەڵێك کەرتی دیکە بکەین، چ لە رووی کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە بێت، یان لە رووی گەشتیارییەوە بێت، گەشتوگوزار لەم رووەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری هەبێت.

*** ئاماژەت بە فراوانکردنی کەرتی گەشتوگوزار کرد، ئایا سەبارەت بە گەشتیاریی کولتووری و شوێنەوار و تەندروستی و خوێندندا چی کراوە؟**

- هەرێمی کوردستان لە زۆر رووەوە دەوڵەمەندە و ژینگەیەکی لەباری بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تەندروستی و شوێنەوارەوە هەیە، بۆ نموونە: لە مانگی داهاتوودا لە بواری پەرەپێدانی گەشتیاریی تەندروستی لەگەڵ نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت کۆبوونەوەیەکمان هەیە، تاوەکو پێکەوە هانی کۆمپانیاکانی گەشتیاری بدەین گرووپی گەشتیاریی تەندروستی بهێنن بۆ نەخۆشخانەکانی کوردستان. کەرتی تایبەت بە پاڵپشتی و کارئاسانی حکومەتی هەرێم دەتوانێت ڕۆڵێکی زیاتری لە بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری هەبێت و پرۆژەی جۆراوجۆر لە ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستاندا جێبەجێ بکەن، راستە لەم قۆناغەدا ژمارەی هۆتێل و چێشتخانە و ریستۆرانت و مۆڵەکان باشن بەراورد بە ژمارەی گەشتیاران، لە رووی ئۆنلاین و ئەنتەرنێتیشەوە گەشتیاران دەتوانن ئاشنا بن بە شێوازی خزمەت و نرخ و حجزکردن، تەنانەت خۆشبەختانە لە چەند ساڵی رابردوودا توانرا چەند پێشانگایەکی گەشتیاری بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەم پێشانگایەی دوایی کە ٢٥٠ کۆمپانیای گەشتیاری لە ٢٠ وڵاتەوە بەشدار بوون.

**نەتوانرا ئەو قەرزە گەشتیارییەی کە لەساڵی ٢٠١٣ درا بە پرۆژە گەشتیارییەکان بەردەوام بێت، ئەگەر ئەو قەرزە بەردەوام بووایە، ئێستا خاوەنی سەدان پرۆژەی گەورەو جوانی گەشتیاری بووین**

**ئێمە دەمانەوێت وڵاتێک بین تەنیا پشت بەداهاتی نەوت نەبەستین و کار بۆ کۆمەڵێک کەرتی دیکە بکەین، چ لە رووی کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە بێت، یان لە رووی گەشتیارییەوە بێت، گەشتوگوزار لەم رووەوە دەتوانێت رۆڵێکی گەورەو کاریگەری هەبێت**

**لەم قۆناغەدا ژمارەی هۆتێل و چێشتخانە و ریستۆرانت و مۆڵەکان باشن بەراورد بە ژمارەی گەشتیاران، لە رووی ئۆنلاین و ئەنتەرنێتیشەوە گەشتیاران دەتوانن ئاشنا بن بە شێوازی خزمەت و نرخ و حجزکردن**

# سۆشیال میدیا

## بەشی حەفتەم

## ئالوودەبوون

سەرباری کێشەکانی دیکەی فیزیکی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و نامۆبوون، ئالوودەبوونیش کە هۆکاری بەشێکی زۆری ئەم کێشانەشە، کاریگەرییەکی دیکەی نەرێنییە کە رووبەڕووی بەکارهێنەرەکانی دەبێتەوە. بەپێی توێژینەوەی دەزگایەکی ئەمریکی کە لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجام دراوە، رێژەی ٢٩٪ی گەنجانی تەمەن ١٨-٢٤ ساڵ ئالوودەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون، لە کاتێکدا رێژەکە لە تەمەنی سەرووی ٢٥ ساڵدا نزمترە. ئەو توێژینەوەیە ئەوەشی دەرخستووە کە تەمەنی ١٨-٢٤ لە ساڵی ٢٠١٥ سێ بۆ چوار کاتژمێر کاتیان لە رۆژێکدا بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان کردووە، لە کاتێکدا ئەو رێژەیە لە ساڵی ٢٠١٧ لە رۆژێکدا بۆ سێ تا پێنج کاتژمێر بەرز بۆتەوە. ئەو توێژینەوەیە دەریخستووە کە تێکڕای تەمەنەکان لە ئەمڕۆدا کاتێکی زۆر بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکەن، توێژینەوەکە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە لە ٣٤٪ی ئەو رێژەیەی توێژینەوەکە وەریگرتوون لە گەنجان، باوەڕیان وایە کە ئەگەر بەردەوام ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بەکار نەهێنن، ئەوا زانیارییان لە کیس دەچێت، بە رێژەی ٢٢٪یشیان پێیان وایە کە ناتوانن بەردەوام ئاگاداری ئەو نامە و کۆمێنتانە بن کە بۆیان دێت، لە رێگەی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی بەکاری دەهێنن. هەر ئەو گەنجانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە راپرسییان لەگەڵ کراوە، بە رێژەی ٤١٪ ئاماژەیان بەوە کردووە کە چێژ دەبینن لەو کاتانەی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوڕێ و کەسوکاریان بەسەری دەبەن، بەڵام بە نەرێنی شکاوەتەوە لەسەر کاتی خەو و پشووەکانیان. لە داتای دیکە و توێژینەوە جیهانییەکاندا ئەوەشیان بۆ سەلماندووین کە لە ئێستادا تا رێژەی نۆ کاتژمێر لە رۆژیکدا تاک سەرقاڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە واتە ئالوودەی بووە، بەتایبەتی گەنجانیش بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئالوودەن، ئەمەش رێژەیەکی زۆری تەمەنە، چونکە ئەگەر تاک






پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە تێکڕای دوو کاتژمێر لە ڕۆژێکدا تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت، نزیکەی چوار تا پێنج ساڵی تەمەنی دەکات، کە ئەمە دووری دەخاتەوە لە چالاکی و لایەنەکانی دیکەی ژیان .بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە ئالوودەبوواندا بەردەوام کاریگەریی لەسەر ژیانی نۆرمە ئاساییەکەی مرۆڤ دادەنێت، کە چەندین بواری دیکە فەرامۆش دەکات، وەك خوێندن، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بەشداریی فیزیکیی بۆنەکان، تەندروستی، هەروەك ئەو کەسانەی بەکارهێنەرن و ئالوودەبوون، لە چەند نیشانەیەکدا دەناسرێنەوە، وەك: خەوی ناخۆش و نائارام، قەڵەوی، کەمبوونەوەی توانای چالاکییە فیزیکییەکان، کەمبوونەوەی سەرکەوتنەکان لە قوتابخانەو کارەکاندا، هەست بە تاوانکردن و ئیهمالی، نادڵخۆشی و قەلەقی و بێمتمانەیی، خەمۆکی، کەمباوەڕیی بەخۆ، هەستکردن بە ئازاری سەرو سەرئێشە و،،،هتد.

چارەسەری ئەم حاڵەتانە زۆربەی کات ئەوەیە کە تەنیا بۆ ماوەیەك لێی دووربکەونەوە، یان کەمکردنەوەی کاتەکانی بەکارهێنان و خۆسەرقاڵکردن بە کارو چالاکیی دیکەوە.

سەرباری ئەوەی جۆرە نوێیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئەوانەی پێشوو نییە کە تەنیا پێدانی زانیاری بێت، بەڵکو دیزاینەکەی بە شێوەیەك کراوە، کە کات بەسەربەر و سەرنجڕاکێش و بەزمەساتە، جگە لەوەی کە هەموو هەلەکانی بەکارهێنان هەر لە زانیاری خێراوەرگرتن و کارلێکی بەردەوام و ئاڵوگۆڕکردنی تێکست و وێنە و ڤیدیۆ و بیروبۆچوون و راکان، هاوکات وایکردووە کە مرۆڤ کاتێك تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهینێت، هەست بە تێپەڕبوونی کات ناکات، واتە جۆرێك لە زیندوویێتی فەراهەم کردووە، خەریکە بڵێین وای لە تاك کردووە کە هەموو چالاکییە نەریتییەکانی دیکەی ژیان فەرامۆش بکات و هەست بە بۆشاییەك نەکات، تا دەگاتە ئەو کاتەی نیشانەکانی نامۆبوون و دابڕان و پەراوێزبوون و کێشەکانی دیکەی تەندروستی و فیزیکیشی لێ دیاری دەدات.